مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پێگە و ڕۆڵی ژن لە ئایینی یارسان

Womens role and position in the Yarsan religion

مامۆستای یاریدەدەر زریان جیزنی محەمەد

بەشی کۆمەڵناسی- کۆلێژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**
الاستلام: ٢٠١٩/٤/٢١
القبول: ٢٠١٩/٥/٣٠
النشر: صيف ٢٠١٩

Doi: 10.25212/lfu.qzj.4.3.4

**الكلمات المفتاحية:**
Yarsan religion
Position,
Women,
Kakayi,
Kurdish Religion,
Zardashti,
national heritage,
history,

**الملخص**

ئایینی یارسان ئایینێکی کوردییەو و لەسەر بنەمای ئایینە دێرینەکانی کوردستان وەك میترایی و زەردەشتی و ئایینەکانی تر ڕەنگرێژکراوە و(سەرنجام)، کتابی پیرۆزی ئایینی یارسانە. ئایینی یارسان وەك بەشێکی ڕەسەنی کولتووری نەتەوەی کورد، هەڵگر و پارێزەریی ڕێورەسم و دنیابینیینی تایبەت بە خۆی هەیە و شان بە شانی ئایینە گەورەکانی جیهان پەیدا بووە و گەشەی سەندووە و خۆی نوێکردووەتەوە.

لەم توێژینەوەدا تیشك دەخەینە سەر دەور و پێگەی ژن لە بواری نووسین و مۆسیقا و ئایین پەروەری، لە ئایینی یارساندا بە درێژایی مێژوو. بۆ زیاتر ناساندنی بابەتەکە چەند ئافرەتێکی ڕۆشنبیر بە نموونە وەرگیراوە لە کتابی پیرۆزی(سەرەنجام)، کە بە پلەی بەرزی ئایینی و عیرفان گەیشتوون و ڕاقەی دنیابینیین و هۆنراوەکانیان کراوە، کە شان

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

community.

بە شانی پیاوان بەشدار بوونە لە خزمەتکردن و بڵاوکردنەوەی پەیامی ئایینەکە و بەشدار بوونە لە ڕێنمایی کردی خەڵك.

## پێشەکی

ناسنامەی هەر نەتەوەیەك بریتییە لە سەرجەمی تایبەتکارەکانی کولتوورە مادی و مەعنەویەکانی ئەو نەتەوەیە. واتە: هەر نەتەوەیەك بە کولتوورەکەییدا پیناسە دەکرێ و دەناسرێتەوە. ئەگەر نا، مرۆڤ لە هەموو جیهاندا هەر مرۆڤن و، ئەوەی لەیەك جیایان دەکاتەوە، بەر لە هەر شتێکی دیکە، کولتوورەکەیانە. لە ناو کولتووردا، ئایین توخمێکی هەرە گرنگ و بە بایەخی کولتووری ڕۆحی(مەعنەوی)ی هەر کۆمەڵگایەکەو بەها کولتووریەکان ڕێکدەخات و دیاری دەکات. ئەو دەور و پێگە گرنگەی ئایین، لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەمڕۆش زۆر بە ئاشکرا بەرجەستە بووە، بە ڕادەیەك کە لەهەموو بوارەکانی ژیانی کولتووری و ئاسایی ئەندامانی کۆمەڵ هەستی پێدەکرێ، بۆیە توێژینەوە لە ئایینە کوردییە دێرینەکان گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە . هەر لە سەرەتاوە بە پێویست و گرنگی دەزانین توێژینەوەەکەمان لە سنووری کۆمەڵەی یارسانیدا ئەنجام بدەین، لەبەر ئەوەی کۆمەڵەی یارسانیی کۆمەڵەیەکی ئایینیەو تاکەکانی بەهۆی کولتوورێکی ئایینیەوە پێکەوە گرێدراون و خاوەن کولتوور و کۆمەڵێک بەهای کۆمەڵایەتی دێرین و هاوبەشن، لە زۆر ڕووەوە بە درێژایی مێژوو. کۆمەڵگای یارسانی کۆمەڵەیەکی ئایینیەو تاکەکانی بە هۆی کولتوورێکی ئاینییەوە پێکەوە گرێدراون، ئەگەرچی کۆمەڵەی یارسانی لەناو خۆیدا فرەڕەنگە و لەسەر توێژ و گرۆپی جیاواز دامەزراوە وەکو نموون: تیرەی پیرەکان، دەلیلەکان(ڕابەرەکان- خەلیفەکان)، موریدەکان و باوەکان، بەڵام لەوەدا یەک کۆمەڵەیە کە پەیڕەوی لە هەمان ئایین دەکەن، ئەو کولتوورە دێرینەش کولتووری ئایینیی یارسانە.

دیارە کۆمەڵەی ئایینی یارسانی کۆمەڵەیەکە لەڕووی سیاسیەوە وەک کۆمەڵگای کوردی دابەشکراوە بەسەر سێ دەوڵەتی جیاوازداو لە ناو ئەو سێ وڵاتەیشدا بە تایبەتی لە شارەکاندا پەرش بڵاون، ئەم کۆمەڵەیە لە ژێر فشاری سێ دەسەڵاتی جیاوازی نەیاردا بوونی خۆیان و کولتوورەکەیان لە قۆناغە سەختەکانی مێژوودا پاراستووە و وەک کۆمەڵەکی ئایینیی خاوەن مۆرکی تایبەتی خۆیان، توانیوویانە پارێزگاری لە خۆیان بکەن.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم توێژینەوەدا تیشك دەخەینە سەر پێکهاتی ئایینی یارسان(کاکەیی)، کە ئایینێکی کوردیی دێریینە و دیالێکتیی گۆران(هەورامی کۆن)ی بە بنەمای سەرەکی نووسین و دەربڕینی خۆی وەرگرتووە. بە پێی ڕامان و دنییابینی ئایینی یارسان کۆشش دەکەین ژن وەکو ڕەگەزی گرنگ و سەرەکی توێژینەوەکەمان وەربگرین، لە ئایینی یارسان و هەوڵدەدەین پێگەو دەوری ژن ساغ بکەینەوە لەسەر بنەمای تێکستە پیرۆزە تۆمارکراوەکانی سەرەنجام: (کتابی پیرۆزی کڵامەکانی ئایینی یارسانە، سەرجەم کڵامەکانی سەردەمی پردیوەر و دەورەکانی پێشتر لەخۆدەگرێ، کە بریتیە لە دەورەکانی باللوول، شاخۆشین، بابا سەرهەنگ، بابا جەلیل، بابا ناوس، ساجناری، پیرە و پیرالی و سەیدەی شیانی. هەندێ لەم کڵامانە زۆر کۆنن و دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی دووەمی کۆچی).

ئایینی یارسان(کاکەیی) ئایینێکی کوردی سەربەخۆیە و ڕیشەکانی گریدراوە بە ئایینە دیرینەکانی کوردستان، وەك: (میهر پەرستی، زەردەشتی، مەزدەکی)، کە بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا هەبوون و دەور و کاریگەریان لەسەر هزر و ڕامانی مرۆڤەکانی بناری زاگرۆسدا داناوە. ئایینی یارسان، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی هەیە لە تێکست، کە بەشێکی باشی لە(سەرەنجام) کۆکراوەتەوە، کە بریتیە لە فەرموودەکانی سوڵتان سەهاك و یارانی، کە لە سەدەی هەشتی کۆچی ژیاون. کتابی پیرۆزی(سەرەنجام) لەشەش بەش پێکهاتووە:

بارگە بارگە، دەوری هەفتەوانە، گلیم و کۆڵ، دەورەی چڵتەن، دەورەی ئابدین و وردە سەرەنجام. (جەمال نەبەز: 2009، لا35).

کڵامەکانی ئایینی یارسان وەکو هەموو ئەدەبیاتی ئایینی بە درێژایی ڕۆژگار دەورە بە دووای دەورە دروست بووە و لە پاشاندا کۆ کراونەتەوە، گەلێ جار خاوەنی ئەم کڵامانە نە ناسراون، بەڵام بڕوادارانی ئایینی یارسان، کڵامەکان دەدەنە پاڵ کردگار و فریشتە و پیاو چاکانی ئایینەکە. لە دەورەکاندا کڵامەکان کۆکراونەتەوە وەکو دەورەی (شاخۆشێن)، بە دەستنووسەکانیش دەڵێن(دەفتەر).

کتێبی سەرەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی پەخشانە و بەشی دووەمی لە فۆرمی هۆنراوە داڕێژراوە. پەخشانەکان لە چەندان پارچە پیکهاتوون، سەرەتای پەخشانەکان بە دروست بوونی

(بوون- گەردوون)دەست پێدەکا، خوو و ڕەووشت و ڕەسم و عادەتی یارسانەکان دەخاتە ڕوو، هەرچی هۆنراوە(کلامەکان)نیشە، پێکهاتوون لە (10)پارچە.

(مارف خەزنەدار:2010، ل254).

لە سەردەمی سوڵتان سەهاك، ئایینی یارسان ئاسۆیەکی بەرینتر و باڵاتری بە خۆیەوە گرت، هەر ئەویش ڕامان و ڕێسا وبنەما گرنگەکانی ئایینی یارسانی بە شێوەی (کلام)ی دە برگەیی لە (سەرەنجام)جێگیر کرد و تەنبوور(تەمورە)وەکو ئامێرێکی دێرین و ڕەسەنی موزیك پیرۆز کرد، بۆ پێرەوانی ئایینی یارسان و وەکو ئامێرێکی پیرۆز لە (جەمخانە)کاندا دەژەنرێ، بۆ پاکژ کرنەوەی لایەنی مەعنەوی ڕۆحی بڕواداران. سوڵتان سەهاك هەر خۆی(72) ئاوازی دارشت، کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینی و شوێنی سازدانی کۆڕی زیکردا موزیك بژەنن و (چەپ و دەست) بکەن.( محەمد حەمە باقی، 2009، لا68).

**مێژووی ئایینی یارسان بۆ سێ قۆناغ دەگەڕێتەوە:**

1. قۆناغی نادیار و کەسنەزان، کە ڕۆژی خەڵقەتی جیهانە.
2. قۆناغی میترایی و زەردەشتی و ئاینە هیندۆ و ئارییەکانی دیکە، کە ریشەی یارسان بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێتەوە. ئەم ئایینانە لە 3500-4000 ساڵ بەر لە ئێستا پەیدا بوونە. دەیان بەڵگە و هێما و تێکست و بەراوردکاری وورد هەیە کە پێشاندەدەن کلتوری ئەمرۆی یارسان، بە ئەسل و ڕیشە و فەلسەفەوە، بۆ سەردەمانی ئایینی زەروانی و میترایی و زەردەشتی و مانی و ئەوانی دیکە دەگەڕێتەوە، وەهەروەها تێکەڵاوی کلتوری ئاینی هیندۆسی و بوودایی بوە لە ڕۆژهەڵات.
3. قۆناغی دوای هاتنی ئاینی ئیسلام، بە چەندین دەورە(خوول)، وەک چەرخی دۆنای دۆن، پەیدا بووە حەڵقەکانی لە ژێر تەسەوفی ئیسلامیدا بەیەک گەیشتونەتەوە.

ئایینی یارسانەکان بە ناوی جۆرا وجۆر ناسراون لە پارچەکانی کوردستان و لە خوارەوە ڕاڤەی ئەو ناوانە دەکەین کە پێی ناسراون وەك: (کاکەیی، ئەهلی حەق، یارسان)، کە خۆشیان ئەم ناوانەیان قبوڵە:

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گرنگی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێ تیشك بخەینە سەر ژن لە ئایینی یارسان، کە گرنگە ئاشنابین بە دنیابینیین و تێگەیشتنی ئایینەکەو بڕواداڕانی لە ڕێگەی تێکستە پیرۆزەکانی ئایینی یارسان بە پێی کتابی پیرۆزی(سەرەنجام)، کە یارسانییەکان خۆیان پێڕرەوی لێدەکەن و بەدڵنیاییەوە ئەوڕۆش ئەو باوەڕ و کولتوورە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە بەسەر هەڵوێست و تێگەیشتنی بڕواداڕانی ئایینی یارسان و کولتووری کۆمەڵگای کوردی، دەربارەی  ئازادی و پێگەو دەور و ڕیزگرتنی ئاف

**یەکەم: واژەی کاکەیی:**

لە ئاڤێستادا کائاکا، کەئاکە، و کائەکا، وەکو ناو و ئاوەڵناو بۆ نێرو مێ بەکارهاتون کە واتای گەورە، سەرۆک، مەزن و چاودێریکەر دەگەیەنن، بە شێوەیەکی ڕوونتر نیشانەی نێر و مێ لە ئاڤێستا هەن و هی مێ (ئا) و هی نێر تەنها(ە) یە. لە ڕووی زمانناسیەوە دەردەکەوێت کە (یی) نسبە چۆتە پاشتگری وشەی (کاکە) وە و بووە بە (کاکەیی).

وشەی کاکەیی لە کاکەوە هاتووە، هەم بۆ تاک بەکار دێ هەم بۆ کۆمەڵ لە جیاتی کاکەییان و کاکەییەکان تەنیا وشەی کاکەیی بەکار دەبەین. واتە: (براگەورە، برایی، برادەری، هاوکاری یەکتر). ئەم زاراوەیەش زیاتر لەعێراقدا ناسراوە. کاکەیی بۆ یەکەم جار لە سەردەمی سولتان سەهاکدا هاتۆتە کایەوە، پیش ئەوسا بە یارسان ناسراوە وە ناوە ناوەش بە (ئەهلی حەق) و تایفە ناو براون. (فەلەکەدین، 2009، لا99).

ئەمەش ئەو کەلامانەیە کە لە سەردەمی پردیوەر و سوڵتان سەهاکدا گوتراون و ئەم ڕاستیەمان بۆمان دەسەلمێنن:

کاکەو کاکەییان نەزم خاوەندکار

عەبدەو گ کاکی نامێما تۆمار

واتە: (کاکەو کاکەییەکان لە ئامادەکردن و ڕێکخستنی خاوەندکارە، بەندەی هەموو کاکەییەکم و ناوم تۆمارە، یانی ئەو ناوو یاسایە سوڵتان بۆی داناوین). (سەرەنجام، ب8، 2007).

پیر تەیار کاشانی لە" 72" پیرەی سەکۆی شاهۆدا دەفەرمێ:

دۆن وە دۆن ئامایم پەی وەرەو کاکان

واتە: دۆن بە دۆن هاتین بەرەو لای کاکەییەکان. (سەرەنجام، ب4، 2007).

واژەی کاکەیی هیچ کاتێک بە مانای خێڵ و عەشیرەت نایەت، هەندێک دبێژن کە کاکەیی ناوە بۆ عەشیرەتێک، ئەمە تەنها لە ترساو بۆ چەواشەکەدنی خەڵکی ترە، چونکە ئەوانەی ئەم قسەیە دەکەن، هەرگیز ناڵێن کاکەیی ئایینێکی سەربەخۆیە، بەڵکو خۆیان بە موسڵمان لە قەڵەم دەدەن وهەندێکیان خۆیان بەلای مەزهەبی سونە و هەندێکی تر خۆیان بە لایەنگری مەزهەبی شیعە دادەنێن، کەچی لە پێنج شەرتی موسڵمانێتی لە ئایینی ئیسلام هیچ یەکێکیان بە جێ ناهێنن، لە لایەکی دیکەوە عەشیرەتی جاف، چۆڵمەک، لەک، زەنگەنە، قەرەسەنی بەزنجی و هی دیکەیش لە ناو کاکەییدا هەن، بۆیە کاکەیی ئایینەو عەشیرەت نییە. (فەلەکەدین، 2009، لا97).

**دووەم: واژەی (ئەهلی حەق).**

لە دوو لایەنەوە بە کاکەیی دەڵێن، یەکێک ئەوەیە کە واژەی(حەق) هەمیشە لە ناو بەیازەکانی کاکەیی دێتەوە، کە بە مانای خوایە، پەروەردگاری جیهانە، بەرزترین پلەی عیرفانە( خۆناسی و خواناسییە). لە سەرێکی دیکەوە کاکەیی ئایینێکی سۆفیگەرییە کە دەڵێ ئینسان بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕێ: شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت و حەقیقەت. لە پلەی حەقیقەتدا ڕۆشن دەبێتەوە و لە دەرگای پەروەردگار نزیکتر دەبێتەوە واتە: خۆی دەناسێ و خوا دەناسێ. لێرەوەیە کە کاکەیی لەگەڵ زۆربەی فیرقە سۆفیەکانی جیهانی و ئیسلام یەکدەگرنەوە. چەندین فیرقە و گروپی دیکەی سۆفیگەریی جیهانی و ئیسلام هەن کە هەریەکە خۆیان بە ئەهلی حەق دەزانن، واتە: هەق لە لای ئەوانە، یان بە هەق گەیشتوون. هەق ناوێکی دیکەی خودایە. (مزگین عبدالرحمن، 2006، لا27).

**سێیەم: واژەی یارسان:**

ناوی ئەسڵی ڕێبازەکە نە کاکەییە، نە ئەهلی هەقە، نە عەلیی خودایی، بەڵکو ناوی یارسانە. وەکو ئاماژەمان کرد یارسان، کە لە (دوو وشەی یاری سان- ستان)ەوە پێکهاتووە. وشەی (یار) لە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەورامیی گۆرانی کۆندا مانای خوا، پەروەردگار، یەزدان دەدا. تەنیا ئەوە کە شایانی عەشق و خۆشەویستیی بێسنووری مرۆڤە. کەواتە "یار" هێمایەکی فرەمانایە .

ڕای جیاواز هەیە لەسەر وشەی یارسان لە سەرچاوەکاندا، بەڵام بە پێی زانیاریی ئێمە لە سەرچاوەکان دەکری بەم شێوەیە ڕوون بکرێتەوە. ووشەی یارسان لە دووبرگە پێکهاتووە، یار ناوێکە لە ناوەکانی کاکەیی و نازناوی سوڵتان سەهاکە، هەروەها یانی خۆشەویست، میهرەبان و ناوێکی کۆنی خوایە لە زاری گۆران ( هەورامی کۆن)، هەروەها دۆست و هاوکار. واژەی میهرەبان یەکێکە لە ماناکانی ( یار). ئەمەش ڕاستیەکی مێژوویی دەردەبڕێت کە ڕیشەی باوەڕی یارسان (کاکەیی) بۆ ئایینی هەرە کۆنی میهریەروەری (میترایی) و زەردەشتی دەگەڕێتەوە. لەوێدا (میهر) بە مانای خۆر، ڕوناکی، خۆشەویستی، برایی، هاتووە. هەروەها میترا خواوەندی پەیمان و ڕاگرتنی ڕاستگۆیی و پەیمانەکانە، هەر بۆیە ئیستاش کاکەیی دەبێ پەیمان و بەڵێنی خۆیان نەشکێنن و چ بەرامبەر بە خۆیان یا خەڵکی دیکە. چەندان ڕێ و ڕەسم هەن بۆ دانان و چەسپاندنی هاوسۆزی و پەیمانی ناوخۆ، بە تاك یا بەکۆ. هەروەها بەرامبەر بە غەیری خۆیانیش دەبێ ڕاستگۆبن. ئەمەش دەمانباتەوە سەر فەلسەفە و ڕێنومایی ئایینی زەردەشتی کە داکۆکی هەرە گرنگ دەکات لە ڕاستی و دروستکاری و ڕاستگۆیی، کە دەڵێ: ڕاستی (ئەشا) یاسای جەوهەری جیهانە.

(فەهمی کاکەیی، 2013، ژمارە 126).

کاکەیی بە کتێبەکانیان دەڵێن دەفتەر( بەیاز). دەشبینین کە بەیازەکانی یاری (واتە: یارسانی) هەمیشە دووپاتی دەکەنەوە کە چوار شت لە بیر مەکەن، ، ئەوانەش: پاکی، ڕاستی، نستی، ڕدایە(ڕازیبوون). شێخ ئەمیر لەم بارەیەوە دەفەرمێت:

یاری چوار چیوەن باوەری وەجا

ڕاستی و پاکی ونیستی و ڕدا

پاکی لە هەموو شتێکدا: زمان و بیر و ڕەفتار و جەستە و جل و بەرگ و هەموو ژیان. نیستی: واتە خاکە ڕایی، بێ فیزی(تواضع). ڕدا. واتە: ڕازیبوون(قەناعەتکردن) جوامێری و میهرەبانی و خزمەت

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە خەڵک، چ سەر بەئایینەکەت بن یا نیشتیمانەکەت، یا جیهان. ئەم ڕێنومایە فەلسەفەی زەردەشتمان وەبیر دێنێتەوە: ( بیری پاک، وتەی پاک، کرداری پاک) یان دەتوانین ووشەی چاک لە جێگەی پاک دابنێن، ماناکەی ناگۆڕێ.

(تەیب تاهیری، 2009 ، لا589).

(سان) برگەی دووەمی(یارسانە) کە مانای: سوڵتان، مەزن، پیرۆز، و مەڵبەندە بە نوێکەرەوەی ئایینی یارسان، یارانی سوڵتان ئیسحاق، کە بەر لە هەفت سەد ساڵ دەرکەوتووە دەڵێن (سان سەهاک). لە سەرێکی دیکەوە (یارسان) وەکو کوردستان، ئەفگانستان، ئینگلستانە، کە مانای مەڵبەند و نیشتیمان دەدات. کە وابێ یارسان(یارسان) واتە مەڵبەندی یاران. کورتکردنەوە لە جیاتی یارسان دەنوسن:( یاری). وشەی یار دەکەنە سەرچاوە (تەیب تاهیری، لا549).

لێکدانەوەیەکی تر هەیە کە بە ڕای ئێمە لە ڕاستیەوە نزیکترە ئەویش بەو بەڵگەیەی کە وشەی یارسان بەر لە پەیدا بوونی سوڵتان سەهاکیش لە کەلامەکانی یارسانیەکاندا هەبووە هەروەکو لە کەلامەکانی "شاخۆشێن" دا ، کە 300 ساڵ بەر لە سوڵتان سەهاک ژیاوە بەدی دەکرێت. شاخۆشین لە یەکێک لە کەلامەکانیدا، کە باسی فەلسەفەی ئاینی یارسان دەکات، دەفەرموێت :

یارسان وە را...

ڕای حەق ڕاسییەن، بڕانان وە ڕا

پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا

قەدەم وەقەدەم، تا وە مەنزڵگا

ڕوون و دیارە ئەمڕۆش وشەی یارسان ناسنامەیەکی کوردیی پەتیتر بە ئایینەکە دەدات، ناوێکی کۆن و دروستر و ڕەوانتر و مۆسیقی ترە، بۆیە ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ ئەم بۆچوونەی سەرەوە. (فەهمی کاکەیی، 1998، لا13).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئایینی یارسان.**

کۆمەڵەیەکی ئیتنۆ ئایینین لە نێو قەوارەی ئیتنۆسی کوردیدا و لە شوێنەکانی خۆیاندا (دوورەپەرێزانە)دەژین، خاوەنی باوەڕێکی ئایینی و گەلی نەریتی تایبەت بە خۆیانن. یارسانەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچە سنوریەکانی نێوان کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراقدا دەژین و لە ناوچەکانیتر و هەروەها لە دەرەوەی کوردستانیشدا بە شێوەی گروپی بچووك دەژین، تا ئێستا هیچ مەتریاڵ و سەرچاوەیەك سەبارەت بە ژمارەی یارسانەکان لە ئارادا نییە. لە ماوەی نزیکەی (1200)ساڵ، واتە لە سەرەتای دەرکەوتنی ئایینی یارسان بە شێوەزاری گۆران(هەورامی کۆن)ی بە بنەمای دەربڕین وەرگرتووە. (ڕشاد میران،2017، لا 192).

ئایینی یارسان لە بناغەوە ڕێبازێکی سۆفیگەری عیرفانییە، داکۆکی دەکات لە تاکە کەس، چونکە ڕۆحی ئینسان بە تەنها دۆنایدۆن دەکاو قاڵب دەگۆڕێ. خەڵك بە کۆمەڵ پێکەوەن لەم دنیایەدا، بەڵام لە ژیانەکانی دیکەدا، چ ڕابردوو یا داهاتوو، هەر کەسێك بە تەنیا دەگوێزرێتەوە، کە دەبێت لەم ژیانەدا هەوڵبدات بە چلەی بەرزی پاکبوونەوە بگات.

زیکرو پەرستن ونوێژی بە کۆمەڵ لە ئایینی یارساندا هەیە، بەڵام هەموو ڕێوڕەسم و شێوەی پەرستنەکان هۆکارن تا مرۆڤ ئامادەیی خۆی بە تەنیا ڕێگەی عیرفانی و گەیشتن بە کەمالی ڕۆحی بباتە سەر، کەس لە جیاتی کەس ناتوانێت ئەو ڕێگایە ببڕێت. هەر کەس دەبێت زەحمەتی خۆی بکێشێت، ئەوەش ڕێگەی ئازادی و ڕزگاریی مەعنەوییە. چونکە سۆفیگەری و عیرفان کۆت و زنجیر و کۆسپەکانی بەردەم ئینسان لا دەدات، تا ئازاد بێت لەم سەفەرەدا. عیرفان ڕێگەی ئازادیی فەردی مەعنەوییە، تا لە کۆت و زنجیرەکانی کۆمەڵگاو فشاری فیکری و دابونەریت و وەهمەکان ڕزگاری دەبێت.

(فەلەکەدین، 2012، لا 104).

سۆفیگەری و عیرفانی یارسان، لە جەوهەردا، هەمان ڕێگەی سۆفی و عارفانی ئایینەکانی دیکەیە. هەربۆیەش یارسان سۆفی و عارفە گەورە ناودارەکانی جیهانی ئیسلام بەهی خۆیان دەزانن و لە خۆیانی دەژمێرن، کە لە سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچییەوە تا ئەمرۆ پەیدا بوونەو بە یارو دۆست و ڕێنومای

**مجلة قەڵای زانست العلمية**
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆیان دەناسن و زۆربەیان ناویان لە زنجیرە دۆناودۆنەکانی تۆمارکراو لە تێکستە پیرۆزەکانییشیاندا، ناویان هاتووە.

هزرو ڕامانی ئایینی یارسان هەر لە سەرەتاوە، وەکو بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و فکری و فەلسەفی سەری هەڵدا دژ بە ستەم و زۆرداری و دەسەڵاتی سەردەمانی بەر لە دوازدە سەدە بەم لاوە، ئەم بزاڤە تاك و تەنیاو گۆشەگیر نەبووەو لە پەراوێزدا نەژیاوە، بەڵکو هەمیشە، وەك ڕووبار، تێکەڵاوی جوڵانەوەی کۆمەڵگای بەشەرییەت بووە بەرەو ڕزگاری و گەیشتن بە ڕۆشنایی و کەمالی ڕۆحی. بۆچوونی شارەزایان دەڵێن کە ئایینی یارسان شۆڕش بووە دژ بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری سەردەمی خۆی، کە سەرانسەری چیاکانی زاگرۆس و دەوروبەری گرتۆتەوە، هەربۆیەش زیارەتگاو مەزارگەی پێشەواو ڕۆحانیەکانی یارسان لە نزیك تەبرێز و ئەردەبیل(هەردەوێڵ)ەوە تا هەمەدان و کرماشان و هەورامان و شارەزوورو لوڕستان و بەغداو کەرکوك و موسلدا هەنە و ژن بەشێکی کاراو زیندووی ئەم خەبات و قوربانیدانەیە. شوێنەواری مێژوویی هەموو ئەوانە ماون و ئێستاش پارێزراون و جوگرافیاناسی ئەم وڵاتانە ئاماژەیان بۆ دەکات، کە هەندێکیان تەنها زیارەتگای یارسانەکان نین، بەڵکو باوەڕدارانی ئایین و ئایینزاکانی دیکەی دەوروبەریش یادیان دەکەنەوە و زیارەتیان دەکەن. (فەلەکەدین، 2012، لا5-6).

### جێگەو نشیمەنی یارسانیەکان

یارسانیەکان ئاری نەژادن، سەر بە لقی هیند و ئەورووپین و لە زەمەنێکی نادیاردا، واتە چەند هەزار ساڵ بەر لە زایین هاتوونەتە ناوچەی ئێستای کوردستان. ناوچەی هەورامان بە تایبەت بۆ پێڕەوانی یارسان، سەرچاوەی هەموو پێشهاتە ئاسمانیەکانە و هەموو دیاردە ئایینیەکان لەم سەرزەمینەدا دەردەکەوێ. شوێنەکانی نیشتەجێ بوونی یارسان لە کوردستاندا، لە کۆنەوە تا ئەم سەردەمە هەندێك گۆڕانکاری بە خۆیەوە دیوە، بەڵام ئەوەی کە هەمووان هاوڕان و پێداگری لەسەر دەکەن ئەوەیە، کە لە سەرەتادا ئایینی یارسان لە ناوچەکانی هەورامان و شارەزوور و لوڕستان بڵاوبووتەوە و گەشەی کردووە، جا دواتر گەیشتۆتە ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. (تەیب تاهیری، 2009، لا577).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەکو بەڵگەیەکی زیندوو ئەمڕۆش شوێنەواری پیر و باوە(بابا) لە کوردستاندا نیشانەیەکی دیکەی دیرۆکی دێرینی ئایینی و نەتەوەیی کوردە کە هێشتا وەکو پێویست کاری لەسەر نەکراوە. (بابا) لە فەرهەنگی کوردیدا وەک و پیری پیرانە و خاوەن وەجاخ (ئوجاخ) ی تایبەتە. زۆربەی جاران ناو و مەرقەدی گەورەکانیان دەبنە جێگەی ڕێزی خەڵک، چ یارسان و عەلەوی بن، یا لە مەزهەب و ئایینی تر بن. هەر لە لوڕستانەوە جێگا و نشیمەنی باباکان تەماشا بکەین، تا هەورامان و کەرکوک و ئازربایجان و دەرسیم، دەیان زیارەتگا و شوێنەواریان دەبینین، وەکو: بابا ناووس، بابا یادگار، بابا تاهیری هەمەدانی، بابا جەلیل و یارانی، بابا شاسوار (کفری) بابا مەحمی یا مەحموود( خانەقین)، باوە نوور، لە ئازربایجانیش بابا حیدەر، تا بابا مەنزوور ( مەنزور با با و مەنسور بابا و بەبەکانی دەرسیم و ناوچەکانی دیکەی باکووری کوردستان، کە بە تورکی پێیان دەڵێن (بەبەلەر). ئەم شوێنەوارانە بەڵگەنامەی مێژووی زیندوون، سەرانسەری کوردستان دەگرنەوە، لە یادمانیش بێت کە (بابا شێخ) گەورەترین بنەماڵەی ئێزدییەکانە. (هەردەوێڵ کاکەیی، کەرکوك2017).

**چۆنیەتی دامەزراندنی ئایینی یارسان:**

دیارە بەشەرییەت کوتوپڕ بە پەیامی پیرۆز و ڕێگای ڕۆشنبوونەوە نەگەیشتوون، بەڵکو دوای سەدان دەورە( خوول، سووڕ) و ئەزموونی ئایینەکان و ئینسانەکانە، زاناو عارفەکان (چاودارەکان، چاوکراوەکان)، ئەمجا بە پلەی ئێستا گەیشتوونە.

دیارە لە دەورەکانی یەک بەدووابیەکی هاتن و ئاشکرابوونی ئایینی یارسانیش حیکمەت هەیە، کە دەورە بە دەورە یارسانییەکان ئامادە دەکران بۆ گەیشتن بە دوا پلەی عیرفانی کە ئێستا بە سنوورەکەی گەیشتوون.

کەوابێ دەورەی بالولی دانا(سەدەی دووەمی کۆچی) تا دەورەی سوڵتان سەهاک(سەدەی هەشتەمی کۆچی)و ئەمجا سەید براکە و لە نێوانیاندا دەیان دەورە و دەرکەوتنی چاودار و زانای ڕۆشندڵ، لەبەر ئەوە بووە کە خەڵک لە سەرەمی بالوولدا (سەدەی دووەمی کۆچی)ئامادە نەبووب بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی پەیامی ئاینەکە و ڕێنومایی و ڕێوڕەسمی سەردەمی شاخۆشین یا باوە ناووس یا سوڵتان سەهاک. کەواتە دەبێ بەو بڕوایە بگەین کە ئێستا بەرەو دەورەیەکی فراوانتر قووڵتر و

مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیهانگیری تر دەچین. دیارە کە ئاینی یارسان ئایین و ڕێبازێکی داخراوی وشکە باوەڕ نییە، بەڵکو کراوە و ڕوو لە داهاتووە. دەورەکانیش بە شێوەی دۆناو دۆن بوونە، بۆ خودی ئایینەکە. ئایینی یارسان لە بناغەوە ڕێبازێکی عیرفانییە، داکۆکی دەکاتی سەر تاکە کەس، چونکە ڕۆحی ئینسان بە تەنیا دۆناودۆن دەکات و قاڵب بە قاڵب دەگوێزرێتەوە. خەڵک بە کۆمەڵ پێکەون لەم دنیایەدا. بەڵام لە ژیانەکانی دیکەدا، چ ڕابردوو یا داهاتوو، هەر کەسێک بە تەنیا دۆن دەگۆڕێ، کە دەبێ لەم ژیانەدا هەوڵبدات بە پلەی بەرزی پاکبوونەوە بگات. یارسانەکان لە سزای مردن ناترسن، بەتایبەت ئەوانەی ڕاست و پاکن و لە ژیانیاندا کردەوەیان باش بووە. لە سەرەنجامدا هاتووە:

مێردان نە تەرسان چەی سیاسەتە    تەسلیم گیانان چوین قوتەی بەتە

واتە: (با مێردان لە گۆڕینی دۆناو دۆن نەترسن، سپاردنی ڕووح هەر وەکو نوقم خواردنی سۆنەیە لە ئاودا و دەرکەوتنیەتی)، یانی کەوڵ گۆڕین بۆ مرۆڤی بێ گوناه مەترسیدار نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاسان و خۆشە، هەروەها ئەوەش دەسەلمێنێ، کە ڕووح مردنی بۆ نییە بەڵکو تەنیا لەش لە نەماندایە، ڕووح وەکو باڵندە جەستەش قەفەز، هەر کاتێ ئەو باڵندەیە لە ناو قەفەزەکەدا نەما قەفەزەکە پشت گوێ دەخرێ یا فرێ دەدرێت. بە پێی ڕامانی یارسان مرۆڤ 1001 جار دۆن دەگۆڕێ تا دەگا بە ڕۆژی دووایی، خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ڕۆح نەمرە و نێر و مێیی نییە( واتە کردەوەی مرۆڤ حسابی لەسەر دەکرێ لە کاتی دۆن گۆڕین و ڕۆژی دووایە). (نەجاتی عەبدوڵڵا، 2005، لا17).

**دۆگماکانی ئایینی (یارسان):**

ئەوەی تایبەتمەندییەکی جیاواز لە ئایینەکانیی تر بە ئایینی یارسان دەبەخشێ چەند ڕەگەزێکی گرنگ و گەوهەری تەسەووفە، بە تایبەتیش تەسەووفی ئەوپەڕگیر ئەویش- یەکێتیی بوون (وەحدە الوجود) و تجسیدی ئیلاهی(الحلول) و دۆناو دۆنە.

یەکێتیی بوون هەمیشە بەناوی شێخی گەورەی ئەندەلوسی ابن العربی(1165- 1240) ییەوە بەندە کە بەلای ئەمەوە خوا، وەکو تاقە بوونێکی باڵا و واقیعی، لە دوو لایەن تەماشا دەکرێ، لە لایەنی نهێنی و شاردراوییەوە کە نەهەستی پێدەکرێ و نە دەناسرێ و نەپێناس دەکرێ، بەڵام بە هیچ جۆرێك ڕێگای چەندبوون( پلوراليزم، تعدديه) ی خوا نادات، لایەنی دیار (زاهیر) و بەرچاویش کە ئەم واقیعە

مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باڵایە، خۆی لەناو چەند شێوەیی و چەندیەتیی شتاندا دەنوێنێ، ئەوانەی هەر خۆی خەڵقیکردووون، بەم جۆرە بوون(وجود) لە ڕوانگەی شێخی گەورەوە، دەوری ئاوێنە ڕەها(مطلق) دەبینێ، واتە ئەو ئاوێنەیەی کە خوای ڕەها و تاك و تەنیا ڕەنگی تیا دەداتەوە. بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی هزری یەکێتی بوون ئەم دێڕە شیعرانەی میرزا غالیب(1797 – 1869) شاعیری گەورەی هیندوستان گرنگ و سودبەخشە لە بارەوە:

دونیا چییە؟ ئاوێنەی حەقیقەتە،

ڕووەکەی_ جێگای لێ وردبوونەوەیە لە ڕووی خودایی،

لە هەرە بچووکترین پارچەیدا

دەبینی بەچاوی خۆت نیشانەی تاقە خالیق.

بە هەمانشێوە لە (تەزکەرەی ئەعلا)دا کە تێکستی پیرۆزی ئایینی یارسانە، کلامێکی بە هەمان مانای تیایە و بە ڕوونی هزری (یەکێتیی بوون) دەبەخشێ، کلامەکە بەم شێوەیە ماناکەی:

لێرە هەموو شتێکی سەر ڕووی زەمین لە نووری خواوەیە و دنیاش جێگای پاك و ڕاستانە. کەواتە نابێ نکۆڵی لە خەڵك و پەیڕەوکەرانی ئاییتر بکرێ چونکە، بە پێی ئەم فکرەیە، ئەمانیش پاك و ڕاستن. بە پێی ڕێبازی ئاینی یارسان، باوەڕیان هەیە کە خودا لە هەموو شتێکدایەو واتە: نوری خودا لە هەموو شتێکدا هەیە، تەنانەت لە ئاژەڵیشدا. لێرەدا دیسان ئەوە ساغ دەبێتەوە، کە نوری خودا لە ڕۆحی هەموو مرۆڤێکدا هەیە و ئێمە نابێ کەس بە کەم و خراپ ببینین. (ڕەشاد میران، 2017، لا 204).

بە پێی ئاینی یارسان ئەسڵی وجود لە ڕوناکیی زاتی خواوەندەوە سەرچاوەی گرتووە، لە ئاینی ئیسلامیشدا هاتووە، وەك لە قورئانی پیرۆزدا، کە(خوا ڕووناکی ئەرز و ئاسمانەکانە). لە ئینجیلی پیرۆزی مەسیحیەتیشدا هاتووە کە پەروەردگار دەفەرمێ( بە ڕووناکی....ببەو، ڕووناکی بوو). واتە: یەکەم ڕووناکیەکەی خوڵقاند. لە کتێبی پیرۆزی(سابیئە مەندایییەکاندا) هاتووە کە وەختێ ئادەم کاروباری لەسەر ڕووی زەوی بەجێ دەگەیەنێت ئیتر دەگەڕێتەوە نیشتیمانی ڕەسەنی خۆی کە نیشتیمانی ڕووناکییە. بە پێی ڕامانی ئاینی یارسان دەڵێ: ئەسڵی بوون(وجود) یەکە، کە کردگارە، هەموو بوونەوەر

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و گیاندار و هەسارە و کاکێشانەکانیش هەر لە وجودی ئەوەوە پەیدا بوونە، هەموو پێکەوە بۆ یەك مەرام دەڕۆن.

بە پێی ئایینی یارسان چرکەساتی ئەفراندن و ئیرادەی ئاشکراکردنی (عالەمی دوڕ) ناوبراوە، کە خۆی ئوستوورەی ئەفراندنە، لە ئایینی یارستان، کە دەکاتە چرکەساتی(کن فیکون)، کە لە کڵامێکی شێخ ئەمیر وەکو لە سەرەنجامدا هاتووە، بەم شێوە شرۆڤە کراوە و دەفەرمێ:

نە لەوح نە قەڵەم نە یار نە ئەغیار پادشام نە دوڕ بی دوڕ نە دەریا بار

نە گاڵای گاڵ بی نە چرای چڕ بی تا چەند وەقت پادشام نە دانەی دوڕ بی

وە لە کڵامێکی تردا پیر بنیامین لە سەرەنجامدا دەفەرمێـت:

دامم دا نیشا.... خواجام الله بی دامم دا نیشا

نە بەحر دوڕی شییام ئەو پیشا دوڕمان راما خواجام پیش کیشا

واتە: ( ئایینی یارسان لە دەوری بنەڕەتی ئەزەللی پێش ئەفراندن و چۆنیەتی تەقینەوە و لێك بوونەوەی دوڕەکە( حەقیقەت)-( کنت کنز مخفيا فأحبت ان اعرف) بە دنیا هاتنی تەواوی خوڵقێنراوەکان، پێکهاتی ئەو دوڕەن. لێرەوە ڕیشەی یەکتاپەرستی و باوەڕ بە ئیشراق سەرچاوە دەگرێ کە سەیری هەر شتێك بکەی کردگاری تیا دەبینی، وە دەگەییتە ئەو ئاکامەی کە هەبوون و نەبوون حەققەو بەشێك لە زاتی ئیلاهی لە جەوهەرییدا پەنهان و نهێنیە(شاراوەیە). (تەیب تاهیری، 2009، لا 676).

**دەوری ژن:**

هەر کاتێك باسی فەیلەسوف و عارف (خۆناسین و خواناسین)دەکەین، بەبی ئاگا، مەبەستمان پیاوە، وەك بڵێی ژن بە پلەی فەلسەفە یا عیرفان ناگات، لە کاتێکدا ئەگەر ژن، لەو پایینەی بیری لێدەکەینەوە، بمێنێتەوە ئەوا پیاویش قەت بەوێ ناگات. بە پێچەوانەوە ژن سەرچاوەی فەلسەفەو عیرفانە، لە چاوپێخشاندنی کورت و خیرای تۆماری فەیلەسوفاندا، بەوە دەگەین کە ژن یەکەم مامۆستا

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ڕێنوماییکەری پیاوانە بەرەو ئاقاری فەلسەفەو عیرفان. بەڵگەی زۆر هەنە، ئەگەر سروشتی شاراوەی ژن و پیاو نەبا، ئەوا هیچ پیاوێك بە پلەی بەرزی عیشقی فەلسەفەو عیرفان نەدەگەیشت. لە ژیان و ئەزموونی هەر عاشقێکی مەزن ژن هەیە، چ دیار یان نادیار، چ ناسیاو یان نەناسیاو. هەر فەیلەسوفێکی مەزن لە دەستی مامۆستا ژنێکی مەزن فێربووە. (نامیق هەورامی، 2011، لا 11).

ئافرەت لە ئایینی یارسان پێگەی خۆی هەیە. بۆی هەیە، وەکو پیاو، بە بەرزترین پلەی کەمالی ڕۆحی بگات. لە کۆڕی زیکر و خەڵوەتی جەم و بۆنە ئایینیەکان، ژنان و کچانیش چاڵاکانە بەشدار دەبن و موزیك دەژەنن و سرود دەخوێننو خزمەت دەکەن. لە دەورەکانی دەرکەوتنی خواناسی و زاتدارانی یارسان هەمیشە ژن یەکێك بووە لە چوار فریشتەکان، کە خاوەن پایەی ڕۆحی پیرۆز و بەرزن.

لە تێکستەکانی سەرەنجامدا ناوی زیاتر لە(16) ژن و کچ لە ناو ڕۆحانی و گەورە یاراندا هاتووە، کە هەندێکیان تەمیرە ژەن(موزیك ژەن)وخوێنەری بە ئاوازی سرود(کڵام)ەکانی یارسان بوونە و شان بە شانی پیاوان سرودی سۆفیگەری عیرفانیان داناوە و خویندۆتەوە.

(فەلەکەدین کاکەیی، 2011، لا24).

لە بنەڕەتدا لە ئایینی یارسان ڕێگە دراوە کە هەر پیاوێك یەك ژن بهێنێ و فرە ژنی و تەڵاق ڕێگەپێدراو نییە بێ هۆکاری دیاری کراوی وەك:(نەزۆکی، مردن)، بەڵام لەژێر کاریگەری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ژینگەی دەوروبەری دوورو نزیك، لە ناو یارسانیش فرە ژنی و تەڵاق پەیدا بووە، بەڵام بە لادان لە ئایینەکە دەبینرێ. یارسانەکانیش لە هەر وڵاتێك بەپێی یاسای شارستانی(مەدەنی) وڵاتەکە مارەی ژن دەبڕن، لە هەمان کاتدا و سەرەڕای ئەوە، ڕێ و ڕەسمی ئایینی تایبەتیان هەیە بۆ شەرعییەتدان بە زەواج. ژن یەکسانی پیاوە لە هەموو شتێك بە میراتەوە، هەروەها مافی ژنان و کچانە لەسەر خێزانەکانیان تا فێری زانست و ئایین بکرێن، زەردەشت بایەخی زیاتری بە فێربوون و پەروەردە و سەربەستی کچان داوە، لە کچەکەی خۆیەوە(پوورە چەسپ) دەستی پێکردووە. هەمیشە کاریگەری ئایینی زەردەشت و خاڵی هاوشێوە و لەیەکچووی زۆر دەبینیین لە نێوان ئایینی یارسان و ئایینی زەردەشتی، چونکە بە پێی سەرەنجام شا برایمی ئێوەت، کە(ئیوەت بە مانای مامۆستا دێ) یەکێکە لە ڕۆحانیە مەزنەکانی یارسان و لە ساڵی(752)ی کۆچی، لە گوندی شێخانی هەورامان لەدایکبووە و، یاری

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سوڵتان سەهاك بووە و یەكێكە لە یارانی (هەفتتەن)گۆڕەكەی لە گەڕەكی(شێخ هۆمەرە)ە لەبەغدا، لە كڵامێكدا دەفەرمێ، كە پیر بنیامین، سەرۆكی یارانی یارسان، خۆی ڕۆحی زەردەشت بووە و ئاڤێستای بەدەستەوە بووە، ئاڤیستاش پاك و بێگەردە.

زولال ئاویستا، زولال ئاویستا　　　ئەسلی دەفتەرەن، زولال ئاوێستا

بنیام زەردەشتەن، دەفتەر وەدەستا　　　زاتش جە بادەی شاهەنشا مەستا

كە لێرە مەبەست لە وشەی (شاهەنشا)، كردگارە(خوێیە). (جەمال نەبەز: 2009، لا 27).

بۆیە بەهەمانشێوە لە لای یارسانەكان ڕێزگرتن لە ژن و چاڵاك بوون لە كار و باری بەڕێوەبردنی ژیان بەگشتی، كاریگەری ڕاستەوخۆی ئاینی زەردەشتی پێوە دیارە، بۆیە ژن زەحمەتكێش و كاركەرن شان بە شانی پیاوان و بەشێكن لە ژیانی دەرەوە و ناوەوەی خێزان، بێ خۆشاردنەوە و خۆ داپۆشین. لە بنەڕەتدا ژنانی یارسان خۆیان نارازێننەوە و كەمتر وەها خۆیان پێشانی دەرەوە دەدەن، بەڵام پێشكەوتن و جیهانگەرایی كاریگەری لەم لایەنەش كردووە و ئەو بارەی گۆڕیوە. لە دیوێكی ترەوە بە پێی ئایینی یارسان لە گۆشە نیگای دۆناو دۆنەوە، ڕۆحەكان یەكسانن و ڕۆحی ژن و پیاو جیا ناكرێنەوە و بە هیچ شێوەیەك ناشێ پایەی ڕۆحی ژن بەكەمتر یان نزمتر بزانریت، چونكە ڕەنگە لە پلەی كەمالی ڕۆحیدا پیاو بەجێبهێڵێت. (فەلەكەدین كاكەیی، 2011، لا 25).

لە ڕیشەدا ئاوەدانی و شارستانی و فەرهەنگ و هزر لە هەر شوێن و ناوچەو وڵاتێكدا، تەنیا بە هێز و بازووی پیاوان بەدی نەهاتووە و بە تەنیاش هیچ كارێك ناكرێت و بە ئەنجام ناگات. بەڵكە ژنیش شان بە شانی پیاوان لە سەرجەم بوارەكان هەنگاویان هەڵگرتووە و بەشداربوون و ڕەنجیان بردووە، بە پێی توانایان بۆ پەرەسەندنی شارستانیەت و ئاوەدانی و زانیاری و گەشەپێدانی فەرهەنگ. گەلێ لەو ئافرەتانەیش لە مەیدانی زانیاری و فەرهەنگ و وێژەدا گەلێ بەرهەمی بە كەڵك و بەنرخیان لە بەجێماوە و لاپەڕەكانی مێژووی ئەدەبی كوردییان پێ ڕازاندووەتەوە. (هەیاس، هەولێر، 2017).

لێرەدا بە پیویستی دەزانین تیشك بخەینە سەر پێگەی نێر و مێ بە پێی كڵامی سوڵتان سەهاك لە دەورەی بەرزنجەدا لە بارەوە دەفەرمێ:

کناچەو کورێ　　　تەوفیرشان نییەن کناچەو کوڕی

بەش باتنەن ئەزەڵ هەوەڕی　　　خاتوون دایەراك ئی بەشش خڕی

پۆشاك یاری ئەو باڵاش بڕی　　　بییا وە دایان پوران حوری

هەر کەس باچۆ کناچەو کوڕی　　　مەوەزیش وە دەم مەودای کەیبڕی

واتە: (نابێ بە هیچ شێوەیەك جیاوازی بکرێت لە نێوانی کوڕ و کچدا، چونکە لە دیینی یارساندا لە هەموو ڕوویەکەوە مافیان وەکو یەك پارێزراوە، ئەو کەسەش جیاوازی بکات مەولا غەزەبی لێدەگرێت). بۆیە ئەمڕۆ ئەگەر لە ژێر کاریگەری کولتووری زاڵ جیاکاری دەکرێ، پێویستە ئافرەتانی کڵامخوانی شارەزا بێنە مەیدان و بە پێی تیکستە پیرۆزەکانی ئاییینی یارسان، داوای مافی بەرامبەر و یەکسان بکین لە هەموو ڕووێکەوە، بە تایبەت لە بواری ئازادی کەسی و میرات و مافە یاساییەکان.

بە پێی تیکستە پیرۆزەکانی ئاییینی یارساندا، جیاوازی لە نێوان ژن و مێردا نییە و بە تەواوی مافی پارێزراوە، بۆ نموونە: نێر و مێ پیر و دەلیل و برا و خوشکی یاری دەگرن و لە جەمیشدا(بۆنەیەکی پیرۆزی یارسانە، نەزر و قوربانی دەکەن و تەمورە دەژەنن و نزای جماعی دەکەن)، وەکو یەك بەش وەردەگرن، بۆیە لە بەشداریکردنی کار و چاڵاکی ئاییینی و بەشە میرات و بوارە جیاوازەکانی ژیاندا بە یەکسانی جێگایان کراوەتەوە و بە چاوی ڕێز و یەکسان سەیردەکرێن. جێگای شانازییە لە هەر دەورەیەکدا ڕۆحێکی پیرۆز لە ڕەگەزی مێ زهووری کردووە و ئافرەتێك یا زیاتر بەشدار بووە و دەوری گرنگ و کاریگەریان بینیووە لە بوارە شیعر و وێژە و مۆزیك و کڵام خوێندن و ڕابەرییدا. ئیمە بە گرنگی دەبینین ئاماژە بە ناوی هەندیکیان بکەین و بەرهەمی چەند دانەیەکیش لەم ژنە ڕۆشن دڵانهبخەینە ڕوو:

لە دەورەی شا خۆشێن: مامە گەڵاڵە(جەلالە)خانمی لوڕستانی، نسا خانم، لیزە خانمی جاف، فاتیمە لوڕەی گۆران، ڕەیحانە خانمی لوڕستانی.

لە دەورەی بابا جەلیل: سەمەن خانم

لە دەورەی بابا ناوس: خاتوونە گوڵی و دادا یان دایی خەزانی سەرگەتی.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە دەورەی بابا سەرهەنگ: دایە تەورێزی هەورامانی

لە دەورەی کاکە عابەدین: شەمینە و نەرگزە خانم

لە دەورەی پردێوەریشدا: دایە ڕەزباری گەورە(دایراك)، دایکی سوڵتان سەهاکە.

لە دەورەی شا ئیبراهیم: خاتۆ زەینەب.

لە دەورەی بابا حەیدەری کاڵە چەم: دایە سمیە

لە دەورەی سەیید فەرزی خامۆشی: زەڕین خانم.

لە دەورەی خان ئاتەش بەگ: پەری خانم.

لە دەورەی شا هەیاس: زەڕبانۆ خانم.

لە دەورەی زەنوور: ئەسمەر خاتوون.

لە دەورەی بابا یادگار: ساری خانم(دایکی بابا یادگارە). ئەمانە و چەندانی تر هەموویان پێگەی مەعنەوی بەرزیان هەیە لە ئاینی یارسان و لە ڕێزی مێردان حسابکراون و خزمەتیان کردووە لە ئاستێکی بەرزی هونەری و هزری، کە ئەمڕۆش جێگای شانازیین لە ڕەنگرێژ کردنی بناغەی کولتووری کوردا. (هەردەوێل کاکەیی ، 2016).

لە ژیان و بەهەمی چەند دانەیەك لەم ئافرەتە ڕۆشنبیرو هۆشمەندانە دەکۆڵینەوە، بە پێی ئەو تێکستانەی لەبەردەستدان و بە سود وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەکی سەرەکی تر، کە بریتین لە کتێب و دەستنووس و کلامەکانی یارسان و سەرەنجام و زانیاری پیرەکانی یارسان، کە سەرچاوەی گرنگی زانیارین.

### 1. دایە تەورێزی هەورامی

بە پێی(سەرەنجام) ، لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی هاتۆتە کۆڕی ژیانەوەو لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەم لە هەوراماندا ماڵئاوایی لە جیهان خواستووە.. دایە تەورێز بە یەکی لە یارانی بابە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرهەنگی دەودانی دەژمیردرێ، ئەم ئافرەتە یەکەمین ئافرەت بووە کە هۆنراوە(کلام)ی لە کتابی پیرۆزی (سەرەنجام)دا نووسراوە، ئەو هۆنراوانەی کە لە ئەو بەجێ ماون بەشێوەی دووبەیتیین هۆنراوەکانی گەلێ بەرز و دڵنشین و پڕ مانان. ئەم دووبەیتییە نموونەیەکە لە هۆنراوەکانی:

ڕازەن پیاڵەم، ڕازەن پیاڵەم      سەرسامم نە بەزم ڕازەن پیاڵەم

بادەی پیاڵەم، یاوا وە ناڵەم      چمکە ناڵەکەم بەرز بێ نە عاڵەم

(تەیب تاهیری، سەرەنجام، 2007).

واتە: (پیاڵەی، مەیەکەم لە شاری نهێنییەوە پێم دراوە، من لە بەزم و جامی جەمخانەی خواناسیدا سەرم سوڕماوە، بەڕاستی ئەو مەیەی کە لە ناو پیاڵەکەمدا بوو گەیشتە فریام ، چونکە ناڵەو وبڵێسەی دەروونم لە جیهاندا بەرز بووەوە و بەجارێ هەمووی وریا کردەوە و پاشان بە هۆی خواردنەوەی ئەو مەیە ئیلاهیە کەمێك ئەهوەن بوومەوە.

(سدیق بۆرەکەیی، 2008، لا73).

دایە تەورێزی هەورامانی هۆنەرێکی هەست ناسك و پەیرەوکاری ئایینی یارسان بووە و لەگەڵ شاڵاوی داگیرکەران بۆ سڕینەوەی مۆرکی ئایین و کولتووری کوردان، کاتێك هەستیان بە مەترسی هێرشی بێگانان کردووە بۆ زێدی باب و باپیرانیان، بە دەم بانگەوازەکەی(بابا سەرهەنگ دەودانی)یەوە چووە وەکو داکۆکی کار و بەرگری کارێك ، بابا سەرهەنگ یەکێك بووە لە پێڕەوانی ئایینی دێرینی کوردان و لهو پێناوەدا گیانی بەخشیوە و ئێستا ئارامگاکەی لە تەوێڵە بۆتە  زیارەتگای یارسانییەکان. زۆربەی دووبەیتییەکانی دایە تەورێز پڕن لە زاراوەی خواناسی. ئەم زاراوانە هەر لە کۆنەوە، هۆنەرانی(شاعیرانی)کورد وفارس لە هۆنراوەکانیاندا بەکاریان بردوون و هەرکام لەو وشانە واتای تایبەتیان هەیە. واتای هەندێ لەم زاراوانە بە شێوەیە (ڕاز بە واتای تەماشاکردن و ڕاز خاوەن کردنە. پیاڵە: بریتییە لە یار و دڵدار، کە بادەی زانیاری و خواناسی دەخواتەوە. بادە: بە واتای کۆمەکی خودایی و ئەوینی بەرز و گەورەیە، ناڵە: بریتیە لە ڕاز و نیازکردن و پاڕانەوە ولالانەوە. دایە تەورێز لە دووبویتییەکی تردا دەڵێ:

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەم پەی ڕاسانەن، جەم پەی ڕاسانەن    یاران، یاوەران جەم پەی ڕاسانەن

هەر كەس نێوەكی كەرۆ ئاسانەن    جەم پەی ڕۆشنیی زێڵ خاسانەن

(تەیب تاهیری، سەرەنجام، 2007).

واتە: (ئەی یارانی یارسان، كۆبوونەوە لە جەمخانەدا بۆ ڕاستان و چاكانە. هەر كەسێك لەوێدا چاكە بكات، كاری سووك و ئاسان دەبێ و ئەم جەم و كۆبوونەوە بۆ ڕۆشنیی دڵ و دەروونی خواناسان و چاكانە. (جەم)بە پێی كتابی پیرۆزی(سەرەنجام)، یارسانەكان بۆ نەزرو قوربانی و نزاكردنی جەماعی، لە شوێنێكدا كۆدەبنەوە، كە پێی دەڵێن(جەمخانە)، پیر و ڕابەری ئایینی دوعا(كلام) دەخوێنێ و تەمیرە دەژەنن وبە دەنگێكی دڵتەزێن و كاریگەر هۆنراوەكای سەرەنجام دەخوێنن و ئامادەبووانیش دووبارەی دەكەنەوە. (سدیق بۆرەكەیی 2008، لا74).

لە دوو بەیتییەكی تردا دایە تەورێزی هەورامی دەفەرمێ:

زێڵ كەران ڕەوشەن، زێڵ كەران ڕەوشەن    یاران وە خوەرە زیڵ كەران ڕەوشەن

سەرسپەردە بان وە یاری وەشەن    بسازان پەرێ وێتان یوو جەوشەن

(تەیب تاهیری، سەرەنجام، 2007).

واتە: (بە پێی ڕامان وهزری ئایینی یارسان بە ئاگا وەرنەوە و سەر بە ڕێبازی یارسان بسپێرن و دڵ دەرونتان ڕۆشن بكەنەوە بە پرشنگ و تیشكی خوایی، چونكە ڕەوشتی خوایی پاك وجوانە). (نامیق هەورامی، 2011، لا 81).

**2. جەلالە خانمی لوڕستانی(387 ی كۆچی)**

جەلالە خانمی لوڕستانی یەكێكە لە ئەستێرە گەشەكانی ئاسمانی لوڕستان و كچی میرزا ئامانای لوڕستانی و دایكی شاخۆشێنە(كە بێ بوونی پێوەندی سیكسی لەگەڵ پیاو شاخۆشێنی بە دنیا هیناوە). دیاردەی سكپڕبوونی كچ، بێ بوونی پێوەندی سیكس لەگەڵ پیاو ڕامانێكی یەكجار كۆنەو لەلای هیندییە كۆنەكان و میتۆپۆتامیا بووە، بە پێی ئەم ڕامانە، هێندەك لەمرۆڤە پیرۆزەكان و چاكەكان و نێودارەكان.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەدایکبوون، بەبێ ئەنجامدانی کارێکی سیکسی لەگەڵ دایکیان. بوودا، یەکێك بووە لەوانەی کە بڕواداران و لایەنگرەکان پێیانوایە کە بەم شێوەیە لەدایکبووە. دوورنییە، ئەم ڕامانە کاریکردبێتە سەر ڕامانی دیانەکان کە عیسای پەیامبەر، بە کوڕی خودا دەدەنە قەڵەم و دبێژن(مریەم ی دایکی کچ بووە)ئایینی ئیسلامیش لەم ڕووەوە، باوەڕی وایە کە مریەم بە کچێنی عیسای بووە، ئەگەرچی عیسا بەکوڕی خودا نازانێ، بەڵام بە ڕۆح ألله(ڕەوانی خودا)ی دەزانێ، بە پێی ڕامانی ئایینی یارسانییەکان، ڕەوان (ڕۆح) لە ڕێگەی دۆناو دۆنەوە لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی دەگوازێتەوە وە هەر بەپێی باوەڕی یارسانییەکان، ڕەوانی ئێزدانی لەسەتەی دەیەمی زایینییدا، لە کوردستان، لە شێوەی شاخۆشێن کە بە ناوی(باوە خۆشێن)یش ناسراوە، شێوەی گرتووە(دەرکەوتووە). شاخۆشێن لە کچێکی جوانی لوڕستانی لەدایکبووە، ناوی گەڵاڵە بووە کە ناوەکەی لەڕێی زمانی فارسی و عەرەبییەوە کراوە بە(جەلالە).

مامە جەلالە ڕۆژێکیان لەبەر هەتاو پاڵکەوتووە و خەوی لێکەوتووە، لەکاتی نووستندا تیشکی خۆر(کە خۆر زۆر پیرۆزە لای یارسانییەکان)چووتە دەمیەوە و لەوەوە زگی پڕ بووە، زۆر ترساوە لەوەی کەسوکاری بیکوژن. بە پێی ڕامانی یارسانییەکان کردگار، لە تەنی کاکەڕدای لوڕستانی دا(کە لەگەڵ فریشتە جبرائیل یەکرەوانن)، ناردووە بۆ لای مامە گەڵاڵە و پێی ڕاگەیاندووە، (مەترسە زگەکەی تۆ دیاردەیەکی ئێزدانییە). کاکەڕدا گەڵاڵەی بەسواری گا بردووە بۆ ماڵی خۆیان و پاراستوویەتی، تا شاخۆشێن لە دایك بووە(287)ی کۆچی. گەڵاڵە لای یارسانییەکان، لەگەڵ مریەمی دایکی عیسا و فاتیمەی کچی پەیامبەری موسڵمانان محەمەد بە یەك ڕەوان(گیان-ڕۆح) تەماشا دەکرێن، لە دیوێکی ترەوە گەڵاڵە دیاردەی فریشتە دایە ڕەزبارە. هەروەها سوڵتان سەهاك بە دنیا هاتووە وەکو دیاردەیەکی ئێزدانی لە کچێکی جاف کە نێوی دایراك بووە، بە بێ پێوەندی لە گەڵ پیاو لەدایك بووە و بە پێی ڕامانی یارسانییەکان، وەك خۆر درەوشاوەتەوە. بێجگە لەمانەش با

وە یادگاریش، هەر لە کچێك لە دایکبووە بەو شێوەیە، کچەکە بەخواردنی دەنکە هەنارێك زگی پڕبووە، بۆیە(هەناو میوەیەکی پیرۆزە لای یارسانییەکان و لە جەمدا بە نیاز و قوربانی دوعای دەدرێ). (جەمال نەبەز: ،2009، لا52).

مامە گەڵالە(جەلالە)ئەم ئافرەتە ڕۆشنبیرە بە پێی کتابی (سەرەنجام لە ساڵی 387ی کۆچی لە لورستان بەدنیا هاتووە و لە نیوەی سەدەی پێنجەمدا ماڵئاوایی کردوە و لە لوڕستان ئەسپردەی خاك

كراوە. مامە گەڵاڵەخان هەروەها لە هۆندنەوەی هۆنراوە(كلام)دا دەستێكی باڵای هەبووە، لە تەنبوو(تەمیرە)لێدانیشدا مامۆستا بووە و هۆنراوەكانی خۆی بەدەم نەواو ئاهەنگی تەنبوورەوە لە جەمخانەدا خوێندۆتەوە، لە ئەم ئافرەتەوە هەندێ دووبەیتی بەجێ ماون كە لە كتابی(دورەی شاخۆشێن)دا نووسراوە. (سدیق بۆرەكەیی2008، لا91).

چەند نموونەیك دەخەینە ڕوو لە دوو بەیتییەكانی ئەو خانمە شاعیرە، لەگەڵ لێكدانەوەی تیكستەكان: لە (سەرەنجام)دا هاتووە لە دەورەی شاخۆشێن. مامە جەلالە وەكو هۆنەرانی تر شەیدای دیمەنی ئێڵاخان و سروشتە جوانەكەی لوڕستان بووە، وە چاوەنداز و دیمەنی جوانی زێدەكەی دەروازەی بەهرەی هۆنراوەی بۆ كردووەتەوە و لە پاڵ ئەمەشەوە كوڕەكەی كە لە ناو خەڵكدا بە تیشكی خوا ناسرا بوو، ئەوەندەی تر ئاگری هەست و سۆزی خۆش كردووە و بڵێسەی ئاگری هۆنراوی بەرز كردووەتەوە، لە لایەكی تریشەوە شاخۆشێنی كوڕی ئەوی بەیەكێ لە فریشتەكان داناوە كە دەبێ دەستوور و یاسا بۆ پەیڕەوانی ڕێ و ڕچەكە دابنێ، وە ئەمانە هەموو بووە هۆكاری ئەوەی كە جەلالە خانم هۆنراوە دابنێ و ئاوێتەی سۆزی دەروونی هەڵڕێژێ. هۆنراوەكان گەلێ پاراو و دڵنشین و هەست بزووێنن، نموونەی هەندێ دووبەیتی دەخەینە ڕوو:

ئەی سوار دانا، ئەی سوار دانا      یەی فەرمان ئاما چەی هەفت ئەسمانا

خەلق لوڕستان وە زۆڵش مەزانا      پاكەن جەلالەی میرزا ئامان

بەرەی میرزا ئامانا بی وەگوڵو ڕەیحانا

(تەیب تاهیری2007، لا20).

واتە: (ئەی كاكە ڕدا، ئەی شا سواری زنا، ئەم فەرمانە كە لە حەوت ئاسمانەوە هاتووە و كە دەبێ من شاخۆشێنم ببێ و تۆش مزگێنیمت پێ داو منت لەم ڕازە ئاگادار كرد، كەچی خەڵكی لوڕستان بە نارەسەن و زۆڵ دەزانن، بەڵام جەلالەی كچی میرزا ئامان داوێن چاكە و وەكو گوڵ و ڕەیحان دەردەكەوێ). مامە جەلالە لە دووبەیتیەكی تردا دەڵێ:

مەستم جەبادەی ڕووی ئەڵەستی تۆ      وەسەن یەك جامێ مەی جەدەستی تۆ

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئائینەی زێلم ڕۆشنەن چون مەی          جەو بەنە بیەنم مەی پەرەستی تۆ

(تەیب تاهیری، 2007، لا20).

واتە: (ئەی خوایا، لە بادەی ڕۆژەکەی ئەلەست کە لەو ڕۆژەدا گەوهەری هەموو بەندەکان پەیمانیان بۆ بەدیهێنانی مرۆ بەست و بەگەورەیی و یەکتایی تۆ گەوایان هێنا، ئەوا من بە خواردنەوەی ئەو بادەیە مەستم و ئەگەر تەنها جامێ تر لەو بادەیەم بدەیتێ بەسمە و ئەو جامە مەیە دڵم دێنێتە سەر خۆی. بەڵام بەمەرجێ کە وا داینێ جامە مەیەکە بەفەرمانی خۆت بێت. ئێستا ئاوێنەی دڵم وەکو مەی ڕووناکەو هەر لەبەرئەوەیە، کە من بوومەتە مەی پەرستی تۆ. نموونەی تریش زۆرن لە هۆنراوەکانی ئەو ئافرەتە هۆنەر و ڕۆشن دڵانەی وەکو مامە جەلالە و ئەوانی تر، بەڵام ئێمە بۆ هەر یەکێکیان تەنها چەند دێرێك وەردەگرین.

### 3. فاتمە لوڕەی گۆران

ئەم ئافرەتە یارسانییە ئایین پەروەرە، خواناس و شەیدای بارەگای پەروەردگار و مەی نۆشی بادەی یەزدانی و ئەویندارى با تاهیری هەمەدانی بووە، پەروەردە بووی ڕامان و هزری عیرفانی و سروشت پارێزی بۆتە مایەی نەوای هۆنراوەکانی، کە خرۆشان و پاکی بە دڵ دەگەیەنن. ئەم ئافرەتە نازدارێکی مەست و بە هەست بووە، خەیاڵ و بیرە جوانەکانی خۆی دارشتووە لە بۆتەیەکی خواپەرستی دەروێشانە.

ئەم ئەستێرە گەشە ناوی فاتمە و کچی کوردی لوڕە و لە تیرەی(پیری شاهی گۆران)بووە. بە فاتمە لوڕە بەناوبانگە، بە پێی کتابی(دەورەی شاخۆشێن) فاتمە لوڕە لە سەدەی پێنجەمی کۆچی لە هەمەداندا سەری هەڵداوە و هەر لە هەمەدانیش ماڵئاوایی لە ژیان کردووە و لە تەنیشت مەزاری، بابا تاهیری هەمەدان نێژراوە. (تەیب تاهیری: 2009، لا26).

پیر دانیالی داڵاهویی کە یەکێ لە هۆنەرەکانی سەدەی هەشتەمی کۆچییە، لە دەفتەری(بارگە بارگە)دا فاتمە لوڕە بەیەکێ لە لایەنگرانی شاخۆشێن دادەنێ و نازناوی فریشتەی پی دەدا و دەڵێ: ئەو فریشتەیە ڕازداری ڕێبازی یارسان بووە و بە دۆنی ڕەمزبار ناسراوە. فاتمە لوڕە ژیانی بە ئەوینی بابا تاهیر

بردۆتە سەر و لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی کۆچەییدا شەرابی مەرگی لە مەیگێڕی گەردوون وەرگرتووە و خواردوویەتیەوە.

فاتمە لوڕە کە دەستێکهی بەرزی لە هۆنینەوەی هەڵبەستی کوردی بووە، لە تەنبوور(تەمیرە)ژەنینیشدا دەستێکی باڵاو بەهرەیەکی ناوازەی هەبوو، وە هۆنراوەکانی خۆی بەدەم هەوا و ئاهەنگی تەنبوورەوە لە جەمخانەکاندا خوێندووەتەوە، بە پێی کتابی پیرۆزی(سەرەنجام)، کاتێ(شاخۆشین)دەچێتە دیدار و میوانداری بابا تاهیری هەمەدانی، فاتمە لوڕە لە خانەقا خزمەتی کردووە لای بابا تاهیری هەمەدانی و لە دووبەیتییەکیدا دەفەرمێ:

یارم ماهمانە، یارم مهمانە          ئانە دوو ڕۆچەن یارم مەهمانە

ماهمانم پاشای هەر دوو جیهانە     سینەم تەختگای شاە زەمانە

سەرەنجام: 2007، دەورەی شاخۆشین، ب.170).

واتە: (یارەکەم، پادشاهەکەم دوو ڕۆژە بۆتە میوانم، ئەو میوانەم نوێنگەو لانەی تیشکی پادشای هەردوو دنیایە، سینەم تەختگای شای زەمانە). هۆنەی بڕواداری ئایینی یارسان بووە و بڕوای بە مرۆڤ خودایی شاخۆشێن هەبووە و بە زاتی بەرز و پیرۆزی کردگاری ناسیووە و سینەی خۆی بە تەختگای شای جیهان زانییوە لە ڕۆژی پەسلان.

هەروەها لە دوو بەیتییەکی تردا دەڵێ:

ڕازدار یاریم، ڕازدار یاریم          وە فەرمان شا ڕازدار یاریم

شاهم بەزەییش ئاما وە زاریم       ڕاز کەرد وە دەرمان دەردەکەی کاریم

(سەرەنجام: 2007، دەورەی شاخۆشین. ب. 172).

واتە: ( بە فەرمان و دەستووری شاخۆشێن، من ڕازداری ڕیبازی یاریم، شا بە زەیی هاتەوە بە گریان و زاریمدا و ڕازی یاریی بە من سپارد و ئەو ڕازەی کردە دەرمانی دەردی کاریم).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕازداری لە ئایینی یارسان پەیوەستە بە سەر سپاردن بە پیر و دەلیل و پەیمان بەستن و ڕەوشتی (یاری)داو کە تا مەرگ و گیانەڵا ڕازدار بێ و ڕازی ڕێبازەکەی کە سەری پێی سپاردووە و پەیمانی بەستووە و سوێندی لەسەر خواردووە، بە لای کەسەوە نەیدرکێنێ و ڕاز ونهێنی ئایینەکە ئاشکرا نەکات و هەر لە سینەی خۆیدا بە پاکی بیپارێزێ. خۆی لە سەرەتادا ڕێباری ئایینی یارسان زۆر بە نهێنی بووە و بڕوادارانی ڕێبازەکە، بڕوایان وابوو کە بەم شێوە پەرستنی پاك وبێگەردی خواناسی مسۆگەر دەبێ. دەورو کاریگەری ئەم ئافرەتە ڕۆشن دڵ و هۆنەرانە لە مێژووی ئەدەب و کولتووری کۆمەڵایەتیدا تا ئەمڕۆش ماوە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی یارسان و کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی، ئێمە لە گەشت و گەڕانەکانماندا لە باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکو چاوەدێرێك بە ڕوونی ئەم دیاردەمان بینی، کە ئەمڕۆش پەیوەندی گەرم و گوڕ و تێکەڵبوونی ڕەگەزی نێرومێ بە شێوەیەکی سروشتی ماوەتەوە، بە تایبەت لە کاتی ئەنجامدانی نەزرو نیاز و قوربانیکردن و کارە هەرەوەزییە ئایینیەکان، کە بە ئاشکرا هەست بە پێگەو ڕێزی ئافرەت دەکرێ و بە گشتی ئافرەت کولتوورێکی کراوەی ڕیزلێگیراویان بەرهەم هێناوە، بێ خۆداپۆشین لە ڕێگەی کرداریانەوە پێگەی خۆیان مسۆگەر دەکەن.

## 4. خاتوون دایراکی ڕەزبار

ئەم هۆنەرە یارسانییە ناوی دایراك و کچی حوسێن بەگی جەڵدە کە بە پێی کتابی پیرۆزی (سەرەنجام)لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی کۆچیدا لە شاری حەلوان لە دایك بووە، هەر لە سەردەمی منداڵیدا باوکی مامۆستای تایبەتی بۆ گرتووە و لەلای ئەو خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە قوتابخانە و قورئانی پیرۆز و کتابی تری خویندۆتەوە ئەوسا فێری خەتخۆشیش بووە و لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا شووی کردووەتە شێخ عیسای بەرزنجی و سوڵتان سەهاکی لێ بووە(کە نوێکەرەوەی ئایینی یارسانە)و ئەوسا بەشێکی زۆری ژیانی بە ڕێنموونیی ژنان و وانە وتنەوە بردووەتە سەر تا ساڵی 745ی کۆچی لە دێی شێخان کۆچی دوایی کردووە. (بۆرەکەیی 2008، لا176).

لە کورتەی کتابی پیرۆزی(سەرەنجام)دا هاتووە کە خاتوون دایراك، وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد دایکی سوڵتان سەهاکە، بەپێی ئایینی یارسان لە فریشتەیەکی مێینە لەدایك بووە، هەر بەپێی ڕامانی یارسانییەکان لە هەموو دیاردەیەکی ئیزدانیشدا، فریشتەیەکی مێینە، وەك یارێك لە یارانی ئێزدان دەردەکەوێ. دەبێ ئەوەش بزانین کە نەك هەر یارسانییەکان بەتەنێ، باوەڕیان بە فریشتەی مێینە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیە، بەڵکو کورد هەموو باوەڕیان بە بەبوونی فریشتەی مێ هەیە. لە ئەفسانە کوردییەکانیشدا باسی گەلێك پاڵەوانی ژن هەیە کە توانیویانە لە شەڕە شیر و زۆراندا پاڵەوانی پیاو ببەزێنن و بیدەن بە زەویدا. هەروەها نموونە زۆرن لە چیرۆکە ئەفسانەییەکان( وەك چیرۆکی کارۆ سلێڤی)، کە نەوەکانیان لە کاتی ئازا و هەڵدەکەون پاشناوی دایکیان هەڵدەگرن.

بیرمان نەچێ کە خودای خۆر مێینە بووە و ئەوەتە نیشانەی ڕۆژ لە کوردی باکوردا نیشانەی مێینەیە. دەگوترێ ڕۆژ(ا) ئینی، واتە: ( ڕۆژی هەینی)، کە(a ا) نیشانەی مێینەیە.

هەروەها ئەستێرەی گەلاوێژ(کە: گڕهاوێژە) و بە ئاوێستایی تیشتریەیە( کە وشەی تیشك و تریشقە لەوەوە هاتووە) لە ئاینی زەردەشتیشدا فریشتەیە. (جەمال نەبەز،2009، لا58).

زاهیری خاتوو دایراك ژنێکی پارێزگار و لە خواترس بووە، کە لە سەدەی هەشتەم ژیاوە و لە دێی شێخاندا ماڵئاوایی لە ژیاندا کردووە و هەر لەوێ ئەسپەردەی خاك کراوە.

دۆنی خاتوو دایراك یەکێکە لە ئەڵقەی (هەفت تەن)و یەکەمین ژنە کە بەشداری جەمی کردووە. لە دەورەکانی پێش خۆیدا چەندین دۆنی تری گۆڕیوە و هەر جارە و لە تەنێکدا دەرکەوتووە و زۆربەی دۆنەکانی ئاماژەی پێکراوە لە (سەرەنجام)دا.

لە خاتوو دایراك گەلێ هۆنراوە بەجێماون، کە لە هۆنراوەکانی وا دەردەکەوێ کە ئەوینی بە گەوهەری هۆنراوەکانی زانیوە، وەك یارسانیەك بڕوای بە ژیانی دووای مردن هەبووە، بۆیە بەختەوەری مرۆڤی لە مەرگدا زانیوە و لای وابووە کە بنیادەم دەبێ لە ڕێگای ئەویندا تێکۆشێ و هەموو شتێکی ژیانی لە پیناودا بەخت بکات، وەکو ئەو ئەوینە ڕۆحیەی کە هەلاجی گەیاندە لە داردان! زۆربەی هۆنراوەکانی ئەو سەبارەت بە ڕێگاو ڕچەی ئایینی یارسانن، خاتوو دایراك لە تەنبوور ژەنینیشدا مامۆستا بووە و زۆربەی هۆنراوەکانی خۆی بە دەم ژەنینی نەوای تەنبوور خوێندۆتەوە. (نامیق هەورامی، لا123).

وا لێرە هەندێ نموونە لە هۆنراوەکانی دێنیینەوە بە کورتی، لە هۆنراوەیەکی دوازدە دوو خشتەکیدا لە (سەرەنجام)دا هاتووە:

بی وە قووەی دڵ، بی وە قووەی دڵ      عازیز ئەمر تۆبی وە قووەی دڵ

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچی فەرماوایت قبووڵەن قەبووڵ نە لەوح یاقەءت ئاتەش کاکڵ

هەفتەوان چە نوور شاهباز عادڵ پەر شەرت مێردان تۆ کەرد وە حاسڵ

پەرێ دەستگیریی یاران فازڵ دووەم مەیلت کەرد عازیز وە مۆبەت

هەم ئەو هەفت نوورەن چێگات کەرد موددەت جە پردێوەردا نیانت سوحبەت

درێژەی هەیە... (سەرەنجام: 2007، ب 73).

واتە: (ئەی خۆشەویستەکەم، فەرمانی تۆ بووە هێزی دڵ، هەرچی دەفەرمی پەسەندی دەکەین، کاتێ کە دەکەومە بیری ڕۆژی بەرین دڵم بەجارێ دەپشکوێ و من شایەتی دەدەم کە تۆ لەم ڕۆژەدا هەفتەوانەت لە پردێوەر زهور کرد و بەڵێنت لێیان وەرگرت کە لە جیهاندا خەڵك بە چاکە ڕێنمایی بکەن، لە جیهانیشدا ئەوانت ئازادکرد تا دەستگیری خەڵك بکەن.

ئەی خۆشەویستەکەم، چاکت کرد کە هەفتەوانەت لە قاڵبی مرۆڤدا دەرخست و لە شێخان دیوانی مەولات سازدا، کەوابوو هەفتا و دوو پیر دەبێ گیانی خۆیان لە ڕێی ئەواندا بەخت کەن و خەڵك سەریان بەوان بسپێرن

بەو پێیەی دایراك خاتوو دایراك یەکێکە لەو ئافرەتە ڕۆشن دڵەی دارشتنی جەمی بەستبێت و بەشدار بووبێت تێیدا، بۆیە شوێن پەنجەی دیارە لە بەشێك لە پایە و مەرجەکانی ئایینی یارسان. (بۆرەکەیی، 2008، لا 177).

### 5. خاتوون زەڕبانۆی دەرزیانی

خاتوو زەڕبانۆ بە پێی کتابی پیرۆزی(سەرەنجام)، دەورەی(قرمزی)کچی یەسف بەگی دەرزیانی و دایکی شاوەیس قولییە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەم(780)ی کۆچی، لە دێی دەرزیاندا لە دایك بووەو هەر لەوێشدا پەروەردە کراوە و پێگەیشتووە، پاشان خراوەتە بەر خوێندن و مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوە و خەریکی خوێندن بووە و لە پاشان کاتی خۆی بە خوێندنەوەی کتابی پیرۆزی(سەرەنجام) و دیوانی هۆنەرانی کورد بردۆتە سەر، بە جۆرێ شەیدای ئەدەب و هونەر بووە کە لە پاش ماوەیەك خۆی

هۆنراوەی هۆنیوەتەوە و نازناوی(خاتوون)ی بۆ خۆی داناوە، بە پێی زانیارەکان زۆر بەخشندەو و بەزەیی و میهرەبان بووە و زۆر هاوکاری و ڕێنوێنی ژنانی کردووە و ئەم خانمە پایە بەرزە لە(845)ی کۆچی ماڵئاوایی کردووە. (بۆرەکەیی، 2008، لا387).

خاتوو زەرپانوی دەرزیانی لە تەمەنی20 ساڵیدا بۆتە هاوسەری پیر قەنبەری شاهۆیی، کە لە دەورەی مورتەزا عەلیدا دۆنی میکایلی فلریشتە بووە و لە تەمەنی 30 ساڵیدا کورێکیان دەبێت کە ئەویش(شاوەیس قولی)یە، کە پینجەمین دەرکەوتەی زاتی خوداییە. لە دەورەی(قرمزی)، پیر قەنبەر لە بارەی خۆیەوە دەفەرمێ:

ئەسڵمەن جە کورد، ئەسلمەن جە کورد     بابۆم کوردەنان، ئەسلمەن جە کورد

من ئەو شێرەنان چەنی دەستەی کورد     سڵسڵەی سپای زوحاك كەردم هورد

واتە: ( من ئەسڵم کوردە بە باوانمەوە، من لە دۆنێکما پێشتر، ئەو شێرە بووم لەگەڵ کوردەکان سوپای زوحاکمان تەفرو تووناکرد، لێرە مەبەستی ئەو دۆنەیە کە ئەو لەو قالبە بووە کاتی خۆی بە پێی ڕامانی ئایینی یارسان. هەندێ هۆنراوە لە شاوەیس قولییەوە ماوەتەوە و لە دەفتەرێکدا بە ناوی(دەورەی قرمزی) کۆکراوەتەوە و پارێزراوە.

(نامیق هەورامی، 2011،لا140).

خاتوون زەرپانۆی دەرزیانی جگە لە هۆنینەوەی شیعر لە ژەنیینی تەنبوور(تەمیرە)شدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و دەوری خۆی بینیوە لە گەرم کردنی کۆڕی جەمخانەی یارسانەکان بە ئاوازی تەموورە و خویندنەوەی هۆنراوە ئایینیەکان. ئەمەش نموونەی چەند دێرێك لە هۆنراوەکانی:

گرد بییەن رزوان، گرد بیەن رزوان     کارخانەی خواجەم گرد بیەن رزوان

ئێد ئەو سوارەن شێتش کەرد خەزان     نە پردێوەدا وست وە کەس نەزان

واتە: (لەم هۆنراوەیەدا خاتوون زەرپانۆ ئاماژە بە گەورەیی(بابا ناوس) دەکات، کە ڕابەرێکیمەزنی ڕۆشن دڵی یارسانە و لە سەرەتادا ئالۆزی هەبووە لەگەڵ(دایە خەزانی سەرگەتی)، بۆیە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6558 - ISSN 2518-6566 (Online) (Print)

مەبەستی ئەوەیە کە هەموو یاران لە دەوری ڕابەر و سەرۆکمان جوم بووینەتەوە و ئەو ئە شاسوارەیە، کە دایە خەزانی شەیدا کرد و پاشان سەری پێ سپاردووە.

**دەرەنجام**

لەم توێژینەوەدا گەیشتین بەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

بە گشتی قۆناغ گەلێکی زێڕین پێشان دەدا لە پێگەو ڕامان و بەهەمی ژن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەر و وێژە و دنیابینی باڵاو بێگەردیی ئافرەت، لە ئایینی یارسان و کولتووری کورد، هۆکاری تەم ومژ و نادیاریی دەور و پێگەی ژن لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ڕابردوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە تا ئەمڕۆ ئایینی یارسان بە نهێنی پارێزراوە و تێکست و دەقی هۆنراوەکانی ئەو خانمانە و چەندانی تر وەك(دەقی پیرۆز) مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و دەقە شیعریەکان بە (کەڵام) قبووڵکراوە و پارێزراوە، بەڵام وەکو ڕاستیەکی جێگیر سەرجەم بەرهەم و تێکست و کاری هونەری ڕابردوو بە بەشێکی بەهادار و نەمری کولتووری کورد دەژمێردرێ و پێویستە کاری زانستی زیاتری لەسەر بکرێ.

لەم تویژینەوەیەدا تیشکمان خستە سەر ئایینی یارسان، کە ئایینێکی سەربەخۆی کوردیە و لە کوردستان ڕەنگرێژ کراوە و پەرەی سەندووە و بڵاوبۆتەوە و خۆی تازەکردۆتەوە و زمانی کوردی لەهجەی گۆران(هەورامی، ماچەیی)ی بە زمانی دەربڕینی خۆی وەرگرتووە. ئایینی یارسان خاوەن بیروباوەڕ و دۆگماو دنیابینیینی تایبەت بە خۆیەتی و بەهاو پێگەی تایبەتی هەیە بۆ ژن، لە دەورەکاندا بە درێژایی مێژوو ئافرەت دەوری گرنگی بینیوە لە بواری نووسین و ڕابەریکردن و موزیك ژەنین و بوارەکانی تر، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی تێکستی چەند ئافرەتێکی یارسان لە کتابی(سەرەنجام)دا، تیشکمان خستە سەر ناوەرۆکی تێکستەکان و ژیان و مێژوو و پیگەو دوەری ئەو ئافرەتانەمان خستۆتە ڕوو. ئاماژە بە چەند خاڵی گرینگ دەکەین لە دەرەنجامەکان:

- هزرو ڕامانی ئایینی یارسان هەر لە سەرەتاوە، وەکو بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و فکری و فەلسەفی سەریهەڵدا دژ بە ستەم و زۆرداری و دەسەڵاتی سەردەمانی بەر لە دوازدە سەدە بەم لاوە، ئەم بزاڤە تاك و تەنیاو گۆشەگیر نەبووەو لە پەراوێزدا نەژیاوە، بەڵکو هەمیشە، وەك ڕووبار، تێکەڵاوی جوڵانەوەی کۆمەڵگای بەشەرییەت بووە بەرەو ڕزگاری و گەیشتن بە ڕۆشنایی و

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

كەمالی ڕۆحی. بۆچوونی شارەزایان دەڵێن کە ئایینی یارسان شۆڕش بووە دژ بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری سەردەمی خۆی، کە سەرانسەری چیاکانی زاگرۆس و دەوروبەری گرتۆتەوە، هەربۆیەش زیارەتگاو مەزارگەی پێشەواو ڕۆحانیەکانی یارسان لە نزیك تەبرێز و ئەردەبیل(هەردەوێڵ)ەوە تا هەمەدان و کرماشان و هەورامان و شارەزوورو لوڕستان و بەغداو کەرکوك و موسڵدا هەنە و ژن بەشێکی کاراو زیندووی ئەم خەبات و قوربانیدانەیە بوونە. ژن یەکسانی پیاوە لە هەموو شتێکدا بە میراتەوە، هەروەها مافی ژنان و کچانە لەسەر خێزانەکانیان، تا فێری زانست و ئایین بکرێن.

- ئەو ئافرەتانەی ئێمە لەم توێژینەوەدا هەڵمانبژاردوون، کوردن و لە کوردستان بەدنیا هاتوون و سەر بە ئایینی یارسانن، تیکستەکانیان لە کتابی سەرەنجام پاریزراون و وەکو دەقی پیرۆز لە لایەن بڕوادارانی ئایینی یارسان مامەلەیان لەگەڵدا کراوە و خۆشیان وەکو مرۆڤی ڕۆشن دڵ جێگای تایبەتیان هەیە لە ئایینی یارساندا و ئەمەش کاریگەری قووڵی دروستکردووە لە دنیابینیینی یارسان و ئەمڕۆش هەست بە پیگەی باڵای ئافرەت و ئازادی ئافرەت دەکرێ لە کولتووری کوردییدا .
- ئافرەت لە ئایینی یارسان پێگەی بەرز و تایبەتی خۆی هەیە. بۆی هەیە، وەکو پیاو، بە بەرزترین پلەی کەمالی ڕۆحی بگات. لە کۆڕی زیکر و خەڵوەتی جەم و بۆنە ئایینیەکان، ژنان و کچانیش چالاکانە بەشدار دەبن و موزیك دەژەنن و سرود دەخوێنن و خزمەت دەکەن. لە دەورەکانی دەرکەوتنی خواناسی و زاتدارانی یارسان هەمیشە ژن یەکێك بووە لە چوار فریشتەکان، کە خاوەن پایەی ڕۆحی پیرۆز و بەرزن. لە تێکستەکانی سەرەنجامدا ناوی زیاتر لە(16) ژن و کچ لە ناو ڕۆحانی و گەورە یاراندا هاتووە، کە هەندێکیان تەمیرە ژەن(موزیك ژەن)وخوێنەری بە ئاوازی

سرود(کڵام)ەکانی یارسان بوونە و شان بە شانی پیاوان سرودی سۆفیگەری عیرفانیان داناوە و خویندۆتەوە.

- لە ڕامان و سیستەمی ئایینی یارساندا پێگەی ژن تا ئاستی فریشتە بەرز کراوەتەوە و سوود وەرگیراوە لە هزر و ڕامانە دێرینەکانی هندییەکان و خەڵکی میتۆپۆتامیا، بەپێی ئەم ڕامانە دێرینە ئایینیە، جەلالە خانمی لوڕستانی دایکی شاخۆشێن و چەندان ئافرەتی تری پایە بەرزی

**مجلة قەڵای زانست العلمية**
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یارسانی(کە بێ بوونی پێوەندی سیکسی لەگەڵ پیاو منداڵیان بە دنیا هیناوە)، بە پێی ئەم ڕامانە، هێندەك لەمرۆڤە پیرۆزەکان و چاکەکان و نێودارەکان لەدایکبوون، بەبێ ئەنجامدانی کارێکی سیکسی لەگەڵ دایکیان. ئەم هزرو ڕامانە ئایینیە پێگەی ئافرەت بەرز دەکاتەوە و بۆ هەمیشە بە پاك و پیرۆزی دەیپارێزێ. ئەم ڕامانە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لە سەر بێگەردی خەیاڵ و تێکستەکانی ئەو ئافرەتە ڕۆشن دڵانە، کە ئەمڕۆش بە لەبەرچاوگرتنی قۆناغە مێژووییەکانیان ناوەرۆکی تێکستەکان و میلۆدی هۆنراوەکان لە ئاستێکی بەرز و پڕمانان.
لە کۆتاییدا زۆر گرنگ و پێویستە توێژینەوەی زانستی زیاتر بکرێ و گرنگی بە ئایینە کوردیەکان و ئەو کولتووورە بدرێ کە بەرهەمیان هیناوە لە نووسین و مۆسیقا و شوێنەواری دێرین.

## ملخص

يارسان هي ديانة كردية قديمة مبنية على الاسس الدينية العريقة في كردستان مثل ميراتي والزرادشتية وغيرها من الديانات الاخرى . ان (سرنجام ) هو الكتاب المقدس لدى ديانة يارسان ويعتبر كجزء اصيل من التراث القومي الكردي ويحمل بين طياته المراسيم الدنوية الخاصة بها وان هذه الديانة وجدت جنبا الى جنب مع الديانات الاخرى العالمية المعروفة وكما انها استطاعت من تطوير وتجديد نفسها باستمرار.

وفي هذا البحث حاولنا تسليط الضوء على المكون النسائي في مجال الكتابة والموسيقى والتربية الدينية في ديانة يارسان على مر التاريخ. وبغية اثراء الموضوع بمزيد من المعلومات تمت الاشارة الى عدد من النساء المثقفات المعروفات والتي ذكرت كامثلة في الكتاب المقدس (سرانجام) واللاتي وصلن الى مرتبة عالية جدا من المعرفة وتم تفسير قصائدهن الدنيوية وكما انهن لعبن دورا كبيرا في المجتمع جنبا الى جنب مع الرجال لخدمة ونشر رسالة تلك الديانة وكما انهن ساهمن بجدارة في تثقيف الناس .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

( 1) جەمال نەبەز: فەلسەفە و ڕامانی یارسان ، هەولێر،2009 ل35.

( 2)مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر 2010، ل 254.

(3)محەمد حەمە باقی: میژووی مۆزیکی کوردی، چاپی سێیەم 2009، لا68.

( 4) فەلەکەدین: ئایینناسی، چاپخانەی لوبنان، 2009، لا99.

( 5) سەرەنجام بارگەبارگەی(72) پیرە، دەستنوس،ب8

( 6) سەرەنجام دەورەی بەرزنجە، دەستنوس،ب4.

(7) مزگین عبدالرحمن ئەحمەد، گەردانکردنی کار لە زمانی پەهلەوی و کوردیدا ، هەولێر، 2006، لا27

(8) فەهمی کاکەیی. دەروازەیەک بۆ ناسینی ئایینی یارسان.. ڕۆژنامەی باس. ژمارە 126. 2013.

(9 ) تەیب تاهری: تاریخ و فەلسەفەی سەرەنجام، چاپخانەی رۆژهەلات، 2009، لا589.

(10) تەیب تاهری: هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا549.

(11) فەهمی کاکەیی، یارسان، گۆڤاری یارسان، ژمارە یەکی ساڵی 1998، لا13

(12)ڕشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان، 2017، لا 192.

(13) فەلەکەدین، پەروەردەی ئیسلامی و ئایپناسی، 2012، لا 104.

(14) فەلەکەدین، ئایینی یارسان 2012، لا5-6.

(15) تەیب تاهیری، تاریخ و فەلسەفەی سەرەنجام، هەولێر 2009، لا577.

(16) هەردەوێڵ کاکەیی، کەرکوك2017.

مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(17) ڤ. مینورسکیی: ئەهلی حەق، و. نەجاتی عەبدوڵلا، دەزگای موکریان 2005، لا67.

(18) ڕەشاد میران، هەمان سەرچاوەی پێشوو،2017، لا 204.

(19) تەیب تاهیری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، 2009، لا 676.

(20)نامیق هەورامی، (فەلەکەدین کاکەیی، پێشەکی، لا11)، تێکستی ژن لە دەفتەرەکانی یارسان، هەولێر2011.

(21)فەلەکەدین کاکەیی، ئاییینی یارسان، 2011، لا24.

(22)جەمال نەبەز: فەلسەفەو ڕامانی یارسان، هەولێر، ،2009، لاٚ27.

(23) فەلەکەدین کاکەیی، ئاییینی یارسان، هەولێر 2011، لا 25.

( 24) هەیاس، هەولێر،(15. 4. 2017).

(25) هەردەوێل کاکەیی، کەرکوك،(11.3.2016).

(26)تەیب تاهیری، سەرەنجام، 2007،لا 62.

(27) سدیق بۆرەکەیی(سەفە زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، هەولێر، ئاراس 2008، لا73.

(28)تەیب تاهیری، کتابی سەرەنجام، 2007،لا 63.

(29)نامیق هەورامی، تێکستی ژنان لە دەفتەری یارساندا، هەولێر 2011،لا 81.

(30) سدیق بۆرەکەیی سەفی زادە، مێژووی وێژەی کوردی، هەولێر، ئاراس 2008، لا74.

(31) سدیق بۆرەکەیی، هەمان سەرچاوە، 2008، لا91.

(32)تەیب تاهیری، سەرەنجام، 2007،لا 56.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(33)جەمال نەبەز: فەلسەفەو ڕامانی یارسان، هەولێر، ،2009، لا52 .

(34) تەیب تاهیری، سەرەنجام، هەولێر2007، لا20.

(35) بۆرەکەیی(سەفە زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، هەولێر، ئاراس 2008، لا176.

(36) تەیب تاهیری، سەرەنجام، هەولێر2007، لا20.

(37)جەمال نەبەز: فەلسەفەو ڕامانی یارسان، هەولێر، ،2009، لا58.

(38)نامیق هەورامی، تێکستی ژن لە دەفتەرەکانی یارسان، هەولێر، لا123.

(39) بۆرەکەیی هەمان سەرچاوە، 2008، لا177.

(40) بۆرەکەیی هەمان سەرچاوە، 2008، لا387.

(41)نامیق هەورامی، تێکستی ژنان لە دەفتەری یارساندا، هەولێر 2011،لا 140.

**سەرچاوەی ترکە سودی لێوەرگیراوە**

سەرەنجام: کتێبی ئایینی پیرۆزی یارسان.

1. تەیب تاهیری: تاریخ و فەلسەفەی سەرەنجام، چاپخانەی ڕۆژهەڵات 2009.
2. حاجی نعمةالله جەیحون ئابادی: شاهنامەی حەقیقەت، قسمەت ئیرانشناسی، پاریس، لێکۆڵینەوەی د. محمد موکری، پاریس 1250.
3. جەمال نەبەز: فەلسەفەو ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگای کوردەواریدا، چاپخانەی نارە 2009.
4. د. گوڵموراد مرادی: نیگاهی گوزارا بە مێژووی فەلسەفەی ئەهلە حەق(یارسان)، سوید 1990.
5. کەریم زەند: ئایین و باوەڕ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی 1971.
6. مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ئاراس، 2010.
7. میهرداد ئیزەدی: چەردە باسیك لە بارەی کوردانەوە، چاپخانەی سەردەم 2006.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8. بۆرەکەیی سدیق(سەفی زادە): کاکەییەکان و ڕێ و ڕچەیان، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری 2001.
9. بەهمەنی هادی ڕەشید: پەیامە هەورامان، چاپی دووەم، سلێمانی 2003.
10. مجید قاضی رەمزیاری: کۆکردنەوە و نووسین، کرماشان، 1379.
11. سدیق بۆرەکەیی،(سەفە زادە): مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ئاراس 2008
12. ئەیوب ڕۆستەم: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دینییە تایبەت بە کاکەییەکان، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، 2006.
13. تەیب تاهیری: زەبوری حەقیقەت، کرماشان، 2013.
14. د. ڕەشاد میران: ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپی سێیەم،2017.
15. ئەنوەر قادر ئەحمەد: چەند بابەتێکی کوردناسی، سوید، چاپی یەکەم، 1989.
16. نضام الدین عبدالظمد، تەفسیری گوڵشەن، 2012.
17. قورئان، کتێبی ئایینە ئیسلام، وەرگێرانی، محەمەد ظالح ابراهیمی.
18. قورئان، کتێبی ئایینە ئیسلام، وەرگێرانی، هەژار موکریانی.
19. سید محەمد حوسێنی: دیوانە گەورە، کرماشامو 1382.
20. بەهمەنی هادی ڕەشید:پەیامی هەورامان، چاپی دووەم، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان 2003.
21. د. گوڵموراد مورادی: ئۆلەکانی جیهان، . ناسری ڕەزازی، هەولێر، ئاراس، 2010.
22. فیلیپ کرینبرۆك- کریستییەن ئالیسۆن، کولتوور و ناسنامەی کورد، و. وریا ڕەحمانی، هەولێر، دەزگای موکریانی 2008.
23. فەلەکەدین کاکەیی: ئایینی یارسان، هەولێر، 2011.
24. هەژار موکریانی، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە،تهران 1991.
25. محەمد حمە باقی: میژووی مۆسیکی کوردی، چاپی سێیەم 2009.
26. د. کیومەرس عەزیزیمی: میژووی شیعەگەری لە کوردستاندا، تاران، 2017.
27. حمەکەریم محمود: کوردستان لە بەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا، سلێمانی، 2006.
28. گەرمیانی ئاسۆو ئامەد تیگریس: کورتە مێژووی کورد و کوردستان، سوید، 1992.
29. مینۆرسکی: بنچینەی کورد، سلێمانی، و، نەجاتی عەبدوڵڵا، مەکتەبی بیر و وشیاری. 2006.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

30. كومون فرانتس: نهێنیەكانی ئایینی میترایی، و، فەرهاد عەزیز خۆشناو، هەولێر، موكریان 2008.
31. سیدحەسەنی تەقی زادە: مانی و دینەكەی، چاپی یەكەم، هەولێر، منارە، 2005.
32. تۆفیق وەهبی: ئاینی میترایی، و، بورهان بەرزنجی، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری 2010.
33. ن ئیڤانۆڤا: پێڕەوانی ڕاستی، یارانی كوردستان( ئەهلی حەق)، و، ئاسۆ كەریم، هەولێر، 2003.
34. جەمال نەبەز: سەرنجدانێك لە میتۆلۆژیای كورد، ئەكادیمیای كورد، ستۆكهۆڵم 1986.
35. تەوفیق وەهبی: دیینی جارانی كورد، گەلاوێژ ژمارە 11، 12 بەغدا 1940.
36. د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ: سۆفیزم لە شیعری كوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ 1985 لا107.
37. كەریم زەند: ئایین و باوەڕلە كوردستاندا، سلێمانی 1971.
38. هەردەوێڵ كاكەیی: هیجری دەدە كاكەیی، هەولێر، كاروان 1986، 45.
39. ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی: تەسەوف چییە، بەغدا 1985؟
40. محەمەد ئەمین هەورامی: كاكەیی، بەغدا 1984.
41. مسعود محەمەد: ڕیشەیەك لە ڕیشاڵی زمانەكەمان، نووسەری كورد، بەغدا 1986-6.
42. شاكر فەتاح: یەزیدییەكان و ئایینی یەزیدی، سلێمانی 1969.
43. مستەفا عەسكەری: ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، بەغدا 1983.
44. عبدوالقادر دەباغی: چەند دێڕێك لە مێژوودا، بەشی یەكەم، كاروان، 1987 -54.
45. جەمال نەبەز: زمانی یەكگرتووی كوردی، بامبێرگ 1976.
46. مەلا عەبدولكەریمی مودەرس: دیوانی مەولەوی، بەغدا 1961.
47. سید عبدالصمدی توداری: چەمكێكی مێژووی هەورامان و مەریوان( چەند لاپەڕەیەك لە كتێبی نور النوار- محەمەدی مەلاكەریم وەریگێڕاوەتە سەر كوردی، بەغدا 1970.
48. محەمەد ئەمین زەكی: خۆلاسەی تەئریخی كورد و كوردستان، جلدی یەكەم، 1935.
49. صدیق بۆرەكەیی(صفی زادە): دورە هفتوانە(سرنجام) كتابخانەی گهوری، تهران 1361.
50. سید قاسم افضلی شاە ایبراهیم: دفتر ڕموز یارسان، گنجینە، ساتان صحاك. چاپ ڕاستی، تهران.
51. هاشم رضی: اوستا، ترجمە و تحقیق، انتشارات فروهر، چاپخانەی خواجە، چاپ اول 1371.
52. نعمت الله جیحون ابادی: شاهنامەی حقیقت، باهتمام دكتر محمد مكری، تهران 1345

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

SUMMARY

Womens role and position in the Yarsan religion.

(Kakayi) Yarsan is an ancient Kurdish Religion; it is based on the other old religions in Kurdistan such as Metrayi and Zardashti. (Saranjam) is the holy book of Yarsan Religion. Yarsan is considered as part of Kurdish national heritage and has its own particular secular ceremonies; it could continuously develop and renew itself.

In this thesis , we try to throw light on women class in the aspect of writing, music and religious education in Yarsan Religion along history, To enrich this subject more, we have referred to the well-known cultured women mentioned in the holy book (Saranjam) ; those women held high position in community and whose poems were interpreted and played their role side by side with men to serve and circulate the message of Yarsan Religion and educating the people.